نوێژە سوننەتەکان و ڕۆژووە سوننەتەکان

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی
م. هەڵگورد مصگفی گەڵاڵەیی

چاپی یەکەم ١٤٣٥ھ – ٢٠١٤ز – ٢٧١٤ك

پێناسەی پەرتووك

نــاوی پــەرتــووك: نوێژە سوننەتەکان و ڕۆژووە سوننەتەکان .

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: م. هەڵگورد مصطفی گەلاڵەیی.

بلاۆکراوە: بلاۆکراوەی (٧) لە بلاۆکراوەکانی دەستەی نوسەرانی دێرین.

تایپ و دیزاینی ناوەوە: پشتیوان گەلەژێری

دیزاینی بەرگ: ڕێبین ابراهیم

ســـاڵـــی چاپ: ١٤٣٥ کۆچی ـ ٢٠١٤ لە دایك بوون.

نــۆبــەتی چاپ: چاپی یەکەم.

شـــوێنـی چاپ: چاپخانەی زانا / سلێمانی .

بنکەی سەرەکی بلاۆکردنەوە: **کتێبخانەی دێرین/ سۆران** ☎ (٠٧٥٠٤١٢٨٢٢٠).

(٠٧٧٠٧٠٠٥٧٦٥).

بنکەی بلاۆکردنەوە:

کتێبخانەی سیما- چەم چەماڵ	کتێبخانەی التوحید چوار قوڕنە
کتێبخانەی ئامۆژگاری ڕانیە	سەنتەری کارزان – چەم چەماڵ
کتێبخانەی سوهەیب - کۆیە	کتێبخانەی ئیمان – سلێمانی
کتێبخانەی پێشین - هەولێر	کتێبخانەی بەهەشت - کەلار
کتێبخانەی ئامۆژگاری سلێمانی	کتێبخانەی سوننە - سلێمانی
کتێبخانەی ئیمام أحمد - هەولێر	کتێبخانەی زانست – کەلار

پێشەکی ئامادەکار

إنَّ الحمدَ لله، نحمدُه ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا، وسيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له .

وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله.

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ) (آل عمران: ١٠٢) .

(يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا). (النساء: ١) .

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا (٧٠) يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا). (الأحزاب: ٧٠،٧١) .

أما بعد:

فان أصدق الحديث كتاب الله، وأحسن الهدي هدي محمد ، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة ، وكل ضلالة في النار .

موسڵمانی خۆشه‌ویست به‌ پێویستم زانی هه‌ڵبستم به‌ نوسینی بابه‌تێك كه‌ باس له‌و نوێژو ڕۆژووه‌ سوننه‌ته‌كان بكات ، بۆ ئه‌وه‌ی ببێته‌ مایه‌ی چاوڕۆشه‌نی و شاره‌زایی موسوڵمانان به‌و نوێژو ڕۆژووه‌ سونه‌تانه‌ی كه‌ له‌فه‌رمووده‌ سه‌حیحه‌كانی پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ وارید بوونه‌ ، ئه‌نجامدانی سونه‌ته‌كان هۆكارێكه‌ بۆ نزیك بوونه‌وه‌ له‌ خوای گه‌وره‌و بوون به‌دۆست و به‌ده‌ست هێنانی ڕه‌زامه‌ندی خودای گه‌وره‌ ، پێغه‌مبه‌ری خودا ﷺ له‌ حه‌دیسێكی قودسیدا له‌ خودای په‌روه‌ردگار بۆمان ده‌گێڕێته‌وه‌و ده‌فه‌رموێت: (ما يَزَالُ عَبْدِي يَتَقَرَّبُ إلي بِالنَّوَافِلِ حتى أُحِبَّهُ) [1] .

واته‌: (به‌رده‌وام به‌نده‌كه‌م لێم نزیك ده‌بێته‌وه‌ به‌هۆی ئه‌نجامدانی سونه‌ته‌كان هه‌تاوه‌كو خۆشم ده‌وێت) .

(١) صحيح الجامع الصغير وزيادته ، ج١ ، ص٣٦٧.

نوێژو رۆژووی سونەت زۆر فەزڵ و سوودی هەیە بۆ مرۆڤی باوەردار ، بۆ نموونە سەبارەت بە فەزڵ و گەورەیی نوێژی سونەت پێغەمبەری خوا ﷺ لە چەند فەرموودەیەکی سەحیحدا دەفەرموێت :-

١.(إِنَّ أَوَّلَ ما يُحَاسَبُ الناس بِهِ يوم الْقِيَامَةِ من أَعْمَالِهِمْ الصَّلَاةُ قال يقول رَبُّنَا عَزَّ وَجَلَّ لِمَلَائِكَتِهِ وهو أَعْلَمُ انْظُرُوا في صَلَاةِ عَبْدِي أَتَمَّهَا أَمْ نَقَصَهَا فَإِنْ كانت تَامَّةً كُتِبَتْ له تَامَّةً وَإِنْ كان انْتَقَصَ منها شيئا قال انْظُرُوا هل لِعَبْدِي من تَطَوُّعٍ فَإِنْ كان له تَطَوُّعٌ قال أَتِمُّوا لِعَبْدِي فَرِيضَتَهُ من تَطَوُّعِهِ)[١].

واتە: (یەکەمین کردەوە خەڵکی لێ پێچینەوەی لەسەر بکرێت لە ڕۆژی دواییدا نوێژە خودای بالأدەست بە فریشتەکانی دەفەرمووێت، لەگەڵ ئەوەشدا زانستی پێ هەیەو دەفەرمووێت سەیری نوێژی بەندەکانم بکەن ئایا نوێژە فەڕزەکانی بە تەواوی ئەنجام داون یان بە ناتەواوی ؟ ئەگەر بە تەواوی ئەنجامی دابوو ئەوا پاداشتی تەواوی بۆ دەبێت ، بەلأم ئەگەر بە ناتەواوی ئەنجامی دابوو ، سەیر بکەن ئایە بەندەکەم هیچ

(١) صحيح الجامع الصغير وزيادته ، ج١ ، ص٣٦٧ .

نوێژی سوننەتی هەیە ، ئەگەر نوێژی سوننەتی هەبوو ، ئەوا تەواو بکەن بۆ بەندەکەم نوێژە فەڕزەکان بە نوێژە سوننەتەکان) .

٢- وَعَنْ أَبِي ذَرّ ﷺ أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ: خَرَجَ فِي الشِّتَاءِ وَالْوَرَقُ يَتَهَافَتُ ، فَأَخَذَ بِغُصْنِ مِنْ شَجَرَةٍ قَالَ فَجَعَلَ ذَلِكَ الْوَرَقُ يَتَهَافَتُ ، قَالَ ، فَقَالَ: «يَا أَبَا ذَرّ» قُلْتُ لَبَّيْكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ: «إِنَّ العَبْد الْمُسلم ليصل الصَّلَاة يُرِيد بهَا وَجه الله فتهافت عَنهُ ذنُوبه كَمَا يتهافت هَذَا الْوَرَقُ عَنْ هَذِهِ الشَّجَرَةِ»[1].

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ درچوو بۆ دەرەوە لەکاتی سەرمادا لەوەرزی زستاندا ، لەوکاتەدا گەڵای دارەکان لە لق و پۆپی دارەکان هەڵدەوەری ، پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی گرت بە لقی دارێکەوە و گەڵاکانی هەڵدەوەری ، فەرمووی : ئەی ئەبو زەر ، ووتی بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ، فەرمووی بەندەی موسوڵمان نوێژێك دەکات مەبەستی پێی تەنها ڕەزامەندی خوای گەورەیە ، تاوانەکانی پێی هەڵدەوەرێت هەروەکو چۆن ئەم گەڵایە لەم دارە هەڵدەوەرێت .

---

(١) (حسن لغيره) صحيح الترغيب والترهيب : ١ / ٩١ .

٣. وقال (الصلاةُ خيرُ موضوعٍ فمن استطاع أن يستكثرَ فليستكثرْ)[١].

واتە : نوێژ چاكترین كردەوەیە خوای گەورە دایناوە بۆ بەندەكانی بۆ ئەوەی پێی لێ نزیك ببنەوە ، هەركەسێك توانای هەیە زۆر نوێژ بكات با زۆر نوێژ بكات .

٤. (أن رسولَ الله ﷺ مرَّ بقبرٍ فقال : من صاحبُ هذا القبر؟ فقالوا فلانٌ : فقال: ركعتان أحبُّ إلى هذا من بقيةِ دنياكم)[٢].

وتە : پێغەمبەری خودا ﷺ تێپەری بەلای قەبرێك ، فەرمووی : كێ خاوەنی ئەم قەبرەیە ؟ فەرموویان فلانە كەس ، فەرمووی : دووركەعەت نوێژ خۆش ویستراوترە لەلای خاوەنی ئەم قەبرە لەمانەوەی دونیا تا هاتنی رۆژی دوایی .

(١) (حسن لغيره) صحيح الترغيب والترهيب : ١ / ٩٣ .

(٢) (حسن صحيح) صحيح الترغيب والترهيب : ١ / ٩٣ .

٥. وقال (من تَوَضأ فأحسنَ وُضوءهُ ثم صَلَّى رَكعتينِ لا يَسْهو فيهما غفِرَ له ما تَقَدَّمَ من ذنبه)[١].

واتە : هەركەسێك بەشێوەیەكی ڕێك و دروست دەست نوێژ هەرگرێت ، پاشان دوو ركەعەت نوێژ بكات هزروبیرو هۆشی تیادا بەكاروباری دونیا مەشغول نەكات ، خوای گەورە لەگشت تاوانە بچوكەكانی رابووردووی خۆش دەبێت .

وە سەبارەت بە فەزڵ و گەورەیی رۆژووە سونـنەتەكان پێغەمبەری خودا ﷺ لە چەند فەرموودەیەكی سەحیحدا دەفەرمووێت :-

١. قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: (إِنَّ فِي الْجَنَّةِ بَابًا يُقَالُ لَهُ الرَّيَّانُ ، يَدْخُلُ مِنْهُ الصَّائِمُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ، لَا يَدْخُلُ مِنْهُ أَحَدٌ غَيْرُهُمْ ، فإذا دخلوا أغلق ، فَلَمْ يَدْخُلْ مِنْهُ أَحَدٌ)[٢] .

واتە : لە بەهەشتدا دەرگایەك هەیە پێی دەڵێن ڕەییان ، رۆژوو گران تیایدا دەچنە ژوورەوە ، هیچ كەسێك جگە لەوان لەم دەرگایە ناچێتە ژوورەوە ، هەركاتێك گشتیان تیایدا

(١) (حسن صحيح) صحيح الترغيب والترهيب : ١ / ٩٤ .

(٢) (صحيح) صحيح الترغيب والترهيب : ١ / ٢٣٧ .

چوونە ژوورەوە دەرگاکە دادەخرێت ، هیچ کەسێکی تر تیایدا ناچێتە ژوورەوە .

٢. (قال رسول الله ﷺ : قال الله عز وجل : كلُّ عملِ إبنِ آدم له إلا الصيام فإنه لي وأنا أجزي به ولخلوف فم الصائم أطيب عندالله من ريح المسك)(١).

واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت ، خوای گەورە دەفەرموێت : گشت کردەوە چاکەکانی بەنی ئادەم بۆ خۆیەتی و (پاداشتێکی دیاری کراوم بۆ داناوە)، تەنها ڕۆژو نەبێت، ڕۆژو گرتن تەنها بۆ منەو (چونکە بە نەهێنی کارە کە دەکرێت جیا لە کارەکانی تر) من پاداشتی ئەدەمەوە، (پاداشتەکەی ئەوەندە زۆرە جگە لە خوای پەروەردگار کەس نایزانێت) وە بۆنی دەمی ڕۆژووەوان خۆشترە لە لای خوای پەروەردگار لە بۆنی مسك) (٢) .

---

(١) التعليقات الحسان على صحيح ابن حبان ٣٤١٣ (صحيح) .

(٢) شرح الحديث كتاب ،كشف المشكل من حديث الصحيحين ٣/ ١٦٧ .

٣.وقال (عليكَ بالصومِ فإنه لا مثلَ له)[١].

واتە : (پەیوەست بە بە ڕۆژوو گرتن ، چونکە هیچ کردەوەیەك وەکو ڕۆژوو گرتن نیە لە پاداشت و سودو قازانجدا) .

٤.وقال (الصيامُ جنةٌ من النارِ كجُنَّةِ أحدِكم من القتال)[٢].

واتە: (ڕۆژوو پارێزەرو قەڵغانە بۆ خاوەنەکەی لە ئاگر هەروەکو چۆن قەڵغان بۆ یەکێك لەئێوە چارێزەرە لە کوشتن لە کاتی شەردا) .

٥. وقال (من قال لا إله إلا الله خُتِمَ له بها دخل الجنة ، ومن صام يوما ابتغاء وجه الله ختم له به دخل الجنة ، ومن تصدق بصدقة ابتغاء وجه الله ختم له بها دخل الجنة)[٣].

واتە : هەرکەسێك بڵێت (لا اله الا الله) کۆتایی ژیانی بە ووتنی ئەم ووشەیە بێت دەچێتە بەهەشت ، وهەرکەسێك رۆژێك لە پێناو خودای پەروەردگار بەرۆژوو بێت و کۆتایی

---

(١) (صحيح) انظر حديث رقم : ٤٠٤٤ في صحيح الجامع .

(٢) (صحيح) صحيح الترغيب والترهيب : ١ / ٢٣٨ .

(٣) (صحيح) صحيح الترغيب والترهيب : ١ / ٢٣٨ .

ژیانی هات و وەفاتی کرد دەچێتە بەهەشت ، وە هەرکەسێك سەدەقەیەك بکات لە پێناو خودای گەورە لەو کاتدا کۆتایی هات و مرد دەچێتە بەهەشت .

٦. وَقَالَ:(الصِّيَامُ وَالْقُرْآنُ يَشْفَعَانِ لِلْعَبْدِ ، يَقُولُ الصِّيَامُ : أَيْ رَبِّ إِنِّي مَنَعْتُهُ الطَّعَامَ وَالشَّهَوَاتِ بِالنَّهَارِ فَشَفِّعْنِي فِيهِ ، وَيَقُولُ الْقُرْآنُ : مَنَعْتُهُ النُّوْمَ بِاللَّيْلِ فَشَفِّعْنِي فِيهِ فَيُشَفَّعَان)[١].

واتە : ڕۆژوو و قورئان شەفاعەت دەکەن بۆ عەبد لە ڕۆژی دواییدا ، ڕۆژوو دەڵێت : پەروەردگارم من ئەو عەبدەی تۆم مەنع کرد لە خواردن و ئارەزووەکان بە ڕۆژ بمکە بە شەفاعەت کار بۆی شەفاعەتم بۆی قەبوول بکە ، وە قورئان دەڵێت : منیش بوم بە ڕێگر لە نووستن بە شەو لێی بمکە بە شەفاعەت کار بۆی شەفاعەتم بۆی قەبوول بکە ، ئینجا خوای گەورە ڕێگایان دەدات بۆ شەفاعەت کردن و شەفاعەتیان قەبوول دەکات .

---

(١) (صَحِيح) مشكاة المصابيح : ١ / ٦١٢ .

پێشەکی د. عبداللطيف أحمد

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدالله والصلاة والسلام على رسول الله

بێگومان دینی ئیسلام لەسەر چەند بنەمایەك پێك هاتووە کە شایتمان و نوێژو ڕۆژوو و زەکات و حەجە , وە تەواوێتی موسلمانێتی مرۆڤ لەوە دایەکە بەجوانی وبەباشی وتەواوی هەلسێت بەم پێنج بنەمایە،وەکاتێکیش مرۆڤ دەتوانێت بەم کارە هەلسێت کە زانیاری هەبێت بە چۆنیەتی بەجێ گەیاندنی ئەم عیبادەتانە.بۆئەم مەبەستەش برای بەڕێزمان مامۆستا {هەلگورد مصطفى } هەڵساوە بە ڕوون کردنەوەی هەردوو بابەتی ﴿ نوێژوو ڕۆژوو﴾ بە زمانی کوردی بۆ گەلی کوردی موسلمان بۆ ئەوەی زیاترو جوانترلەم دوو عیبادەتە بگەن ، خواپاداشتی خێری بداتەوەو بەرەکەت بخاتە نوسراوەکەی ،وە موسلمانان سودی لێ ببینن.

زانای پایە بەرز و خۆشەویست

د.عبداللطيف أحمد مصطفى حفظه الله

١٢/رمضان/١٤٣٥

نوێژە سوننەتەکان

(١) صلاة سنن والرواتب

واتە: ئەو نوێژە سونەتانەی کە لە دوای بانگ دان لە پێش و دوای نوێژە فەڕزەکان ئەنجام دەدرێن ، ئەم نوێژە سونەتانە دەبن بەدوو بەشەوە ، (مُؤَكَّدَة) و (غير مؤكدة) ، مُؤَكَّدَة ، بریتین لەم نوێژە سونەتانەی کەوا پێغەمبەری خودا ﷺ لەسەریان بەردەوام بووە ، کە بریتین لەم دوازدە ڕکەعەتەی لەم فەرموودەیە باسکراوە : (ما من عَبْدٍ مُسْلِمٍ يُصَلِّي كُلَّ يَوْمٍ ثِنْتَيْ عَشْرَةَ رَكْعَةً تَطَوُّعًا غير الْفَرِيضَةِ إلا بُنِيَ له بَيْتاً في الْجَنَّةِ ، أَرْبَعِ رَكَعَاتٍ قبل الظُّهْرِ ، وركعتين بعد الظهر وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَ الْمَغْرِبِ ، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَ العشاء ، وَرَكْعَتَيْنِ قبل الفجر) [١] .

واتە: (هیچ بەندەیەکی موسوڵمان نیە هەموو ڕۆژێك لە پێناو خودای پەروەردگار دوازدە ڕکەعەت نوێژی سونەت بکات ئیلا خوای گەورە خانویەکی زۆر گەورەی بۆ دروست

(١) أخرجه مسلم / ٧٢٨.

دەکات لە بەهەشت) وە ئەم دوازدە ڕکەعەتە بەم شێوەیە دەکرێت: (چوار ڕکەعەت لە پێش نوێژی نیوەڕۆ وە دووڕکەعەت لە دوای ، وە دوو ڕکەعەت لەدوای مەغریب ، وە دوو ڕکەعەت لە دوای نوێژی عیشا ، وە دوو ڕکەعەت لە پێش نوێژی بەیانی .

وە (غير مؤكدة) بریتین لەم سونەتانەی کەوا پێغەمبەری خودا ﷺ هەندێك جار ئەنجامی داون وە هەندێك جار وازی لێهێناون ، واتە لەسەریان بەردەوام نەبووە ، ئەم نوێژانەش بریتین لە دوو ڕکەعەت لە پێش نوێژی عەسر و مەغریب و عیشا ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خودا ﷺ کە دەفەرمووێت : «بَيْنَ كُلِّ أَذَانَيْنِ صَلَاةٌ ، بَيْنَ كُلِّ أَذَانَيْنِ صَلَاةٌ » ثُمَّ قَالَ فِي الثَّالِثَةِ «لِمَنْ شَاءَ»(١).

واتە : لە نێوان گشت بانگ و قامەتێك نوێژ هەیە ، لە نێوان گشت بانگ و قامەتێك نوێژ هەیە ، پاشان لە جاری سێیەمدا فەرمووی بۆ ئەو کەسەی بیەوێت .

---

(١) (مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ) مشكاة المصابيح : ٦٦٢ .

فەزڵ و گەورەیی دوو ڕکەعەت سونەت لە پێش نوێژی بەیانی

سەبارەت بە فەزڵ و گەورەیی دوو ڕکەعەت سونەت لە پێش نوێژی بەیانی پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرمووێت : «رَكْعَتَا الْفَجْرِ خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا»(١).

واتە : دوو ڕکەعەت سونەتی پێش نوێژی بەیانی خێرترو باشترە لە دونیاو گشت ئەو شتانەی تیایەتی .

---

(١) (صَحِيح) مشكاة المصابيح : ١ / ٣٦٦ .

فەزڵ و گەورەیی چوار ڕکەعەت نوێژی سونەت لە پێش و دوای نوێژی نیوەڕۆ

وە سەبارەت بە فەزڵ و گەورەیی چوار ڕکەعەت نوێژی سونەت لە پێش و دوای نوێژی نیوەڕۆ ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : «مَنْ حَافَظَ عَلَى أَرْبَعِ رَكَعَاتٍ قَبْلَ الظُّهْرِ وَأَرْبَعٍ بَعْدَهَا حَرَّمَهُ اللّهُ عَلَى النَّارِ»[1].

واتە : هەرکەسێك پاریزگاری بکات لەسەر چوار ڕکەعەت نوێژی سونەت لە پێش و دوای نوێژی نیوەڕۆ خوای گەورە ئەم کەسە حەڕام دەکات لەسەر ئاگر .

---

(١) (صَحِيح) مشكاة المصابيح : ١ / ٣٦٧ .

فەزڵ و گەورەیی چوار ڕکەعەت نوێژی سونەت لە پێش نوێژی عەسر

پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : «رَحِمَ اللَّهُ امْرَءًا صَلَّى قَبْلَ الْعَصْرِ أَرْبَعًا»[1].

واتە : ڕەحمەتی خوا لەو کەسەی چوار ڕکەعەت نوێژی سونەت بکات لە پێش نوێژی عەسر .

وەهەروەها دروستە لەدوای نوێژی عەسر (مباشر) واتە یەکسەر دوو ڕکەعەت نوێژی سونەت بکرێت ، بەلاّم تاخیر کردنی ئەم دوو ڕکەعەتە تاپێش خۆر ئاوا بوون دروست نیەو حەڕامە ، بەڵکو دەبێت یەکسەر لە دوای نوێژی عەسر ئەنجام بدرێت کاتێك خۆر هێشتا هەر لە بەرزایی ئاسمانەو نزیکی ئاوابوون نەبووە ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە ، (عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ : (لَا تُصَلُّوا بَعْدَ الْعَصْرِ إِلَا أَنْ تُصَلُّوا وَالشَّمْسُ مُرْتَفِعَةٌ)[2].

(١) صحيح أبي داود : ٥ / ١٣ .

(٢) صحيح . ((الصحيحة)) (٢٠٠ و ٣١٤)، مجموع فتاوى العلامة الالباني : ١ / ٨٦

واتە : نوێژ مەکەن لەدوای نوێژی عەسر ئیلا ئەو کاتە دەتوانن نوێژ بکەن کە خۆر بەرزەو نزیکی ئاوابوون نیە .

بەڵام نوێژ کردن لەوکاتەی خۆر ئاوا دەبێت دروست نیەو حەڕامە ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە : (لا تصلوا عند طلوع الشمس ولا عند غروبها ؛ فإنها تطلع وتغرب على قرن شيطان...)[1].

واتە : نوێژ مەکەن لەو کاتەی خۆر هەڵدێت وە لەو کاتەی ئاوا دەبێت ، چونکە خۆر لەسەر قۆچی شەیتانێك هەڵدێت و ئاوا دەبێت .

---

(١) (حسن) . ((الصحيحة)) (٣١٤) .

٢ صلاةُ الليل

واتە: ئەنجامدانی نوێژی سوننەت بەشەو کە پێی دەوترێت (شەو نوێژ) کاتەکەی لە دوای نوێژی عیشا دەست پێ دەکات تاوەکو پێش نوێژی بەیانی ، بەلاّم باشترین کاتی کۆتایی شەوە [1] .

گەورەیی و فەزڵی شەونوێژ

سەبارەت بە گەورەیی و پاداشتی شەو نوێژ پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمویەتی : (أَفْضَلُ الصَّلَاةِ بَعْدَ الْفَرِيضَةِ صَلَاةُ اللَّيْلِ) [2] .

واتە: (باشترین نوێژ لە دوای نوێژە فەرزەکان شەو نوێژە) .

(١) سةيرى صحيح مسلم بكة ، حديث رقم: ٧٥٥.

(٢) اخرجه مسلم: ١١٦٣.

ژمارەی رکەعەتەکانی شەونوێژ

هەندێك لەزانیان دەڵێن شەو نوێژ پێك هاتووە لە یازدە ڕکەعەت ، بە بەڵگەی فەرموودەی دایکی ئیمانداران (عائشە) (ڕەزای خوای لیبێت) کە دەفەرموێت: (ما زاد رسول الله ﷺ في رمضان ولا في غير رمضان على إحدى عشرة ركعة) [1] .

واتە: (پێغەمبەری خودا ﷺ شەو نوێژی نە لە ڕەمەزان وە نە لە غەیری ڕەمەزان لە یازدە ڕکەعەت زیاتر نەکردووە) .

وە هەندێك لە زانایان دەڵێن شەو نوێژ بە یازدە ڕکەعەت زیاتریش درووستە بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە: (صلاة الليل مثنى مثنى فإذا خشي أحدكم الصبح صلى ركعة واحدة توتر له ما قد صلى)[2].

واتە : شەو نوێژ دوو رکەعەت دوو رکەعەتە ، ئەگەر یەکێك لەئێوە ترسا بانگی بەیانی بەسەردابێت ، با یەك رکەعەت بکات نوێژە جووتەکانی بۆ دەکاتە ووتر .

---

(١) سنن الترمذي : ٢ / ٣٠٢ .

(٢) (صحيح) انظر حديث رقم : ٣٨٢٩ في صحيح الجامع .

دەبینین لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەری خوا ﷺ تەحدیدی ڕێژەی ژمارەی شەو نوێژی نەکردووە ، بۆیە دەڵێن مرۆڤ چەند رکەعەت بکات دروستە[1].

(١) فتاوى نور على الدرب : ٩ / ٤٣٧ .

(٣) صلاة الضحی

واتە: نوێژی چێشتەنگاو ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : (يُصْبِحُ عَلَى كُلِّ سُلَامَى مِنْ أَحَدِكُمْ صَدَقَةٌ ، فَكُلُّ تَسْبِيحَةٍ صَدَقَةٌ ، وَكُلُّ تَحْمِيدَةٍ صَدَقَةٌ ، وَكُلُّ تَهْلِيلَةٍ صَدَقَةٌ ، وَكُلُّ تَكْبِيرَةٍ صَدَقَةٌ ، وَأَمْرٌ بِالْمَعْرُوفِ صَدَقَةٌ ، وَنَهْيٌ عَنِ الْمُنْكَرِ صَدَقَةٌ ، وَيُجْزِئُ مِنْ ذَلِكَ رَكْعَتَانِ يَرْكَعُهُمَا من الضُّحَى)[١].

واتە : هەموو بەیانیەك بەرامبەر هەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی لاشەی یەکێك لە ئێوە سەدەقەیەك دەبێت بکرێت ، ووتنی گشت تەسبیحاتێك وەکو (سبحان اللّه) سەدەقەیە ، وە گشت سوپاس و ستایشێك بۆ خودا وەکو (الحمد للّه) سەدەقەیە ، وە ووتنی (لا اله الا اللّه) سەدەقەیە ، وە ووتنی (اللّه اکبر) سەدەقەیە ، وە فرمان کردن بە چاکە سەدەقەیە ، وە نەهی کردن لە خراپە سەدەقەیە ، وە ئەنجامدانی دوو رکەعەت لە کاتی چێشتەنگاودا جێگای گشت ئەو خێروو سەدەقانەی باسکرا دەگرێتەوە .

---

(١) (صَحِيحٌ) مشكاة المصابيح : ١ / ٤١١ .

کاتی دەست پێکردنی نوێژی چێشتەنگاو

کاتی دەست پێکردنی نوێژی (چێشتەنگاو) لە دوای بەرزبونەوەی خۆر بە ئەندازەی رمحێك هەتاوەکو پێش ئەوەی ڕۆژ بگات بە ناوەڕاستی ئاسمانەوە ، بەلاَم باشترین و خێرترین کات ئەو کاتەیە کە ڕۆژ زۆر گەرم دەبێت .

ژمارەی رکەعەتەکانی نوێژی چێشتەنگاو

نوێژی (چێشتەنگاو) بە دوو ڕکەعەت دەکرێت ، یان چوار ڕکەعەت ، یان شەش ڕکەعەت ، یان هەشت ڕکەعەت ، هەر یەك لەم ڕکەعەتانە بەڵگەی (صحیح)ی لەسەرە [1] .

---

(١) سەیری کتابی (الوجیز في فقه السنة والکتاب العزیز)بکە ، ص ١٤٣.

(٤) صلاة الاستخارة

واتە: نوێژی داواکردنی خێر و بەرەکەت لە خودای گەورە کاتێك مرۆڤ بیەوێت کارێك بکات ، ئەم نوێژە پێك هاتووە لە دوو ڕکەعەت ، لە دوای ئەنجامدانی نوێژەکە ئەم دوعایە دەکرێت کە لەم فەرموودەیەدا هاتووە : (اللَّهُمَّ إنِّي أَسْتَخِيرُكَ بِعِلْمِكَ وَأَسْتَعِينُكَ بِقُدْرَتِكَ وَأَسْأَلُكَ من فَضْلِكَ الْعَظِيمِ فَإِنَّكَ تَقْدِرُ ولا أَقْدِرُ وَتَعْلَمُ ولا أَعْلَمُ وَأَنْتَ عَلَّامُ الْغُيُوبِ اللهم إن كُنْتَ تَعْلَمُ أَنَّ هذا الْأَمْرَ (لێرە ناوی پێویستیەکە دێنی) خَيْرٌ لي في دِينِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمْرِي أو قال في عَاجِلِ أَمْرِي وَآجِلِهِ فَاقْدِرْهُ لي وَيَسِّرْهُ لي ثُمَّ بَارِكْ لي فيه وَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنَّ هذا الْأَمْرَ شَرٌّ لي في دِينِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمْرِي أو قال في عَاجِلِ أَمْرِي وَآجِلِهِ فأصرفه عَنِّي وَاصْرِفْنِي عنه وأقدر لي الْخَيْرَ حَيْثُ كان ثُمَّ أَرْضِنِي بِهِ قال وَيُسَمِّي حَاجَتَهُ) (١) .

---

(١) رواه البخاري : ١١٦٦ .

٥ صلاة الجنازة

واتە: نوێژی مردوو ، ئەم نوێژە حوکمەکەی فەڕزی کیفایەیە، واتە ئەگەر هەندێك لە موسوڵمانان ئەنجامی بدەن کیفایەتە و باقی موسوڵمانەکانی تر لەسەریان لا دەچێت ، کەواتە ئەگەر کەسێك مرد دەبێت هەندێك لە موسوڵمانان نوێژی لەسەر بکەن ئەگەر نا گشتیان تاوانبار دەبن .

فەزڵ و گەورەیی نوێژی مردوو

پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : (مَن صَلَّى على جنازةٍ فله قيراطٌ ، ومن انتظرها حتى توضعَ في اللحدِ فله قيراطان والقيراطان مثلُ الجبلينِ العظيمينِ)[1].

واتە : هەرکەسێك نوێژ لە سەر مردوویێك بکات بە ئەندازەی چیایەکی گەورە پاداشتی بۆ هەیە ، وە هەر کەسێك لە دوای نوێژ کردنەکە چاوەڕوانی بکات هەتا دەشاردرێتەوە بە ئەندازەی دوو چیای گەورە ئەجرو پاداشتی بۆ هەیە .

---

(١) صحيح الجامع الصغير وزياداته : ٢ / ١٠٨٧ .

چۆنیەتی نوێژی مردوو

١. گشت نوێژێك لە نوێژەکان دەبێت بە دەست و نوێژەوە بکرێت .

٢. ئەم نوێژە بە پێوە ئەنجام دەدرێت ڕکوع و سجود و دانیشتن و تەحیاتی تێدا نیە .

٣. پێك هاتووە لە چوار تەکبیر ، لە دوای تەکبیری یەکەم سوڕەتی (فاتحە) دەخوێنرێت لەگەڵ سورەکێکی تر لە قورئان ، وە لەدوای تەکبیری دووەم (صلوات) لەسەر پێغەمبەری خودا ﷺ دەدرێت ، وە لە دوای تەکبیری سێیەم ئەم دوعایە بۆ مردووەکە دەکرێت : (اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُ وَارْحَمْهُ وَعَافِهِ وَاعْفُ عَنْهُ وَأَكْرِمْ نُزُلَهُ وَوَسِّعْ مُدْخَلَهُ وَاغْسِلْهُ بِالْمَاءِ وَالثَّلْجِ وَالْبَرَدِ وَنَقِّهِ مِنْ الْخَطَايَا كَمَا نَقَّيْتَ الثَّوْبَ الْأَبْيَضَ مِنْ الدَّنَسِ، وَأَبْدِلْهُ دَارًا خَيْرًا مِنْ دَارِهِ وَأَهْلًا خَيْرًا مِنْ أَهْلِهِ وَزَوْجًا خَيْرًا مِنْ زَوْجِهِ، وَأَدْخِلْهُ الْجَنَّةَ وَأَعِذْهُ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ و مِنْ عَذَابِ النَّار)[(١)].

وە لەدوای تەکبیری چوارەم (دوعا) بۆ مردووەکە و بۆ خۆیی و گشت موسوڵمانان دەکات ، وە دەشتوانێت یەکسەر سەلام

---

(١) أخرجه مسلم (٩٦٣).

بداتەوە ، وە سەلام دانەوەی نوێژی مردوو وەکو سەلام دانەوەی باقی نوێژەکانی ترە ، وە جائیزیشە تەنها یەك سەلام بەلای ڕاست بدرێتەوە [1] .

وە هەروەها جائیزە پێنج تەکبیر یان شەش تەکبیر یان حەوت تەکبیر یان نۆ تەکبیر بۆ نوێژی مردوو بکرێت ، گشتی بەڵگەی (صحیح)ی لەسەرە [2] .

(١) أحكام الجنائز للألباني: ص١٢٧.

(٢) البخاري: رقم:٩٠٧ .

٦ صلاةُ رَكعَتَي الوضوءِ

واتە: دوو رکەعەت سونەت دوای دەست نوێژ هەڵگرتن ، ئەم نوێژە پێك هاتووە لە دوو ڕکەعەت ، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : (من تَوَضَّأَ نحوَ وُضُوئِي هذا ثُمَّ صلى رَكْعَتَيْنِ لَا يحدث فِيهِمَا نَفْسَهُ غُفِرَ له ما تَقَدَّمَ من ذَنْبِهِ)(١).

واتە: (هەر کەسێك دەست نوێژ وەکو من هەڵبگرێت ، پاشان دوو ڕکەعەت نوێژ بکات ، نەفسی خۆی مەشغوڵ نەکات بە هیچ شتێك ، خودای پەروەردگار لە گشت تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت) .

وە هەروەها ئەم دوو رکەعەتە سونەتە لەدوای ئیحرام بەستن لەکاتی حەج و عومرە لە میقات ئەنجام بدرێت ، وە دەبێت ئەم دوو رکەعەتە بەنیەتی سونەتی دەست نوێژ ئەنجام بدرێت نەك نوێژی ئیحرام بەستن (٢) .

(١) اخرجه البخاري: (١٥٩) ومسلم: (٢٢٦).

(٢) مجموع فتاوى ورسائل فضيلة الشيخ محمد بن صالح العثيمين : ٢٤ / ٢٨٤ .

(٧) صلاة التوبة

واتە: نوێژی تەوبەکردن لە تاوان و گەڕانەوە بۆ لای خودای پەروەردگار ، ئەم نوێژە ئەم کاتە دەکرێت کاتێك مرۆڤ تەوبە دەکات لە تاوان و پەشیمانە لەوەی کردوویەتی یان وتویەتی ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (ما مِن رَجُلٍ يُذْنِبُ ذَنْبًا ثُمَّ يَقُومُ فَيَتَطَهَّرُ ثُمَّ يُصَلِّي ثُمَّ يَسْتَغْفِرُ اللَّهَ إلا غَفَرَ له)(١).

واتە: (هیچ پیاوێك نیە تاوانێك بکات ، پاشان هەڵبستێت دەست نوێژ بشوات ، پاشان نوێژ بکات ، پاشان داوای لێ خۆش بوون لە خوای پەروەردگار بکات ، ئیلا خوای گەورە لێی خۆش دەبێت) .

(١) صحيح سنن الترمذي: (١/١٢٨) .

(٨) صلاة الاستسقاء

واتە: نوێژی داواکردنی باران بارین لە خوای پەروەردگار کاتێك باران نەبارێت .

چۆنیەتی نوێژی باران بارین وەکو نوێژی جەژنە لە دەرەوەی شار دەکرێت ، نوێژەکە دوو ڕکەعەتە لە ڕکەعەتی یەکەم دا حەوت تەکبیر وەکو نوێژی جەژن دەکرێت وە لە ڕکەعەتی دووەم دا پێنج تەکبیر دەکرێت جگە لە دوو تەکبیرەکانی چونە ڕکوع ، وە ئەم تەکبیرانە پێش خوێندنی سوڕەتی فاتیحایە وە ئەم نوێژە بە جەماعەت دەکرێت ئیمام لە خوێندنی قورئان دا دەنگی هەڵدەبڕێت [١] .

وە سوننەتە خەڵکەکە بە ملکەچی و خۆ شکاندن بۆ خوای پەروەردگار بەرەو شوێنی نوێژەکە بەڕێ بکەون ، وە بە زیکرکردن و دوعا کردن و لێ خۆش بوون بە ڕێ بکەون .

---

(١) بُغية المتطوع في صلاة التطوع ، ص١٣٠.

٩ صلاة الكسوف والخسوف

واتە نوێژی مانگ گیران و خۆر گیران ، ئەم نوێژە سوننەتی موئەکەدەیە ، پێش دەست پێکردنی بانگ و قامەتی بۆ ناکرێت ، بەڵام سوننەتە بووترێت (الصلاة جامعة)[١]. نوێژی خۆرگیران و مانگ گیران بە جەماعەت دەکرێت لە مزگەوت وە ئیمام بە دەنگ قورئان دەخوێنێت ، وە ئەو دوو نوێژە هەر یەکەیان پێك هاتوون لە دوو ڕکەعەت بەڵام هەر ڕکەعەتێك دوو ڕکوعی تێدایە ، وە دوو ڕاوەستانی تێدایە ، واتە لە یەك ڕکەعەت دا دوو جار فاتحە و قورئان دەخوێنرێتەوە ، وە دووجار ڕکوعیش دەبردرێت ، پاشان سوجدە دەبردرێت و ڕکەعەتی دووەمیش وەکو یەکەم دەکرێت ، ئینجا سەلام دەدرێتەوە ، وە سوننەتە ئیمام لە دوای نوێژەکە ئامۆژگاری خەڵك بکات بە لە خوا ترسان و گەڕانەوە بۆ لای خوا [٢] .

(١) اخرجه الشيخان .

(٢) انظر: حديث البخاري: رقم:٩٠٧.

(١٠) صلاةُ التَّسْبِيح

ئەم نوێژە بۆیە پێی دەوترێت (صلاة التسبيح) چونکە زیکری (سبحان الله، والحمدلله، ولا إله إلا الله، والله أكبر) ی تێدا دەکرێت .

فەزڵ و گەورەیی صلاة التسبيح

پێغەمبەری خودا ﷺ بە (عباس)ی مامی فەرمووە ئەگەر ئەم نوێژە ئەنجام بدەی خوای گەورە لە گشت تاوانە بچوك و گەورەکانت خۆش دەبێت .

چۆنیەتی ئەنجامدانی صلاة التسبيح

ئەم نوێژە پێك هاتووە لە چوار ڕکەعەت ، لە هەر ڕکەعەتێك لەم چوار ڕکەعەتانە سورەتی فاتیحە لەگەڵ سورەتێك دەخوێندرێت ، پاشان لە دوای قورئان خوێندنەکە زیکری (سبحان الله، والحمدلله، ولا إله إلا الله، والله أكبر) پازدە جار دەکرێت ، پاشان دەچیتە ڕکوع و لە دوای زیکری ڕکوع

دە جار ئەم زیکرەی پێش ئێستا دەکرێت ، پاشان هەڵدەستی لە ڕکوع و دەڵێی (سمع الله لمن حمده ربنا ولك الحمد) پاشان دە جار زیکرەکە دەڵێیت ، پاشان بڕۆ بۆ سوجدە لە دوای زیکری سوجدە دە جار زیکرەکە بڵێ ، پاشان سەرت هەڵبڕە لە سوجدە و دە جار زیکرەکە بڵێ ، پاشان بڕۆوە سوجدە دووبارە زیکرەکە دە جار بڵێ ، پاشان سەرت هەڵبڕە لە سوجدە دەجار زکرەکە بڵێ کە کۆی کشتی زکرەکان لەهەر ڕکەعەتێکدا دەکاتە (٧٥) زیکر ، بەم شێوەیە هەر چوار ڕکەعەتەکان دەکرێت [١] .

(١) فةرموودةكة (صحيح لغيره) صحيح الترغيب والترهيب : ١ / ١٦٥ .

١١ صلاةُ الزوجَينِ معاً في ليلةِ البناءِ

واته : دوو رکەعەت سونەت نوێژی بوك وزاوا بەیەکەوە لەشەوی یەکەمی زاوایەتیدا ، ئەم سونەتە لە هاوەڵە بەڕێزەکان وارید بووە ، لە ئەسەرێکی سەحیحدا هاتووە کۆمەڵێك لە صەحابە دەعوەت دەکرێن لە لای زاوایەك کە ناوی أبو سعيد بووە ، ئەم کۆمەڵە صەحابە بەڕێزانە (ڕەزای خوای گەورەیان لێبێت) بەم زاوایە دەڵێن : (إذا دَخَل عليكَ أهلُك فَصَلِّ ركعتين ، ثم سلِ اللهَ من خير ما دَخَلَ عليك ، ثم تعوّذ به من شرّه)[(١)].

واتە: ئەگەر خێزانت هاتە لات دوو رکەعەت نوێژ بکە ، پاشان داوای خێرو بەرەکەت لەخوای گەورە بکە لەوەی کە هاتۆتە لات ، وە پەنابەخوا بگرە لەشەڕوو خراپەی .

وە لە ئەسەرێکی تردا هاتووە پیاوێك بەعبدالله ی کوری مسعود دەڵێت من ئافرەتێکی کچ و گەنجم هێناوە دەترسم

---

(١) صححه الالباني في كتاب آداب الزفاف في السنة المطهرة : ٩٤ .

لەگەڵم نەگونجێ و لێم تووره بێت ، عبدالله پێی ووت : (إن الإِلْفَ من اللهِ ، والفرك من الشيطان يريد أن يكره إليكم ما أحل الله لكم ، فإذا أتتك فأمرها أن تصلي وراءك ركعتين)[1].

واته : بەیەکەوە ژیان و خۆشەویستی لەلایەن خواوەیەو خوای گەورە پێی رازییە ، وە ناكۆكی و ڕق لێبوونەوە لە شەیتانەوەیە ، شەیتان دەیەوێت ئەو شتەی خوای گەورە بۆ ئێوەی حەلاڵ کردووە لای ئێوەی ناخۆش و ڕق لێگیراو بکات ، جا کاتێك خێزانەکەت هاتە لات فرمانی پێ بکە با دوو ركەعەت نوێژ لە دواوەت بکات .

(١) صححه الالباني في كتاب آداب الزفاف في السنة المطهرة : ٩٦ .

١٢ صلاةُ الدخولِ والخروجِ من المنزل

واتە : نوێژی چوونە ژوورو هاتنە دەر لە ماڵ ، سونەتە ئینسانی موسوڵمان کاتێك دەچێتە ماڵەوە دوو رکەعەت سونەت بکات ، وە کاتێك دەر دەچێت لە ماڵ پێش دەربچێت دوو رکەعەت سونەت بکات ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودە صەحیحە ، (إِذا خَرَجْتَ مِنْ مَنْزِلِكَ فَصَلِّ رَكْعَتَيْنِ تَمْنَعانِكَ مَخْرَجَ السُّوءِ وَإِذا دَخَلْتَ إِلَى مَنْزِلِكَ فَصَلِّ رَكْعَتَيْنِ تَمْنَعَانِكَ مَدْخَلَ السُّوءِ)[١].

واتە : هەرکاتێك ویستت دەربچیت لەماڵتەوە بۆ دەرەوە دوو رکەعەت نوێژی سونەت بکە ، ئەم دوو رکەعەت سونەتە ئەبێتە هۆکاری ڕێگری و پاراستنی تۆ لە دەرچونی خراپ و تووش بوون بە کاری خراپ ، وە هەر کاتێك هاتیتە ماڵەوە دوو رکەعەت سونەت بکە ، تۆ دەپارێزێت لەهاتنە ژوورەوەی خراپ و تووش بوون بە کاری خراپ .

---

(١) (حسن) انظر حديث رقم : ٥٠٥ في صحيح الجامع .

١٣ صلاةُ القادِمِ مِن السفرِ

واته : نوێژی ئەو کەسەی لە سەفەر دێتەوە ، سونەتە بۆ ئەو کەسەی لە سەفەر دێتەوە پێش ئەوەی بچێتە ماڵەوە بچێتە مزگەوت دوو ڕکەعەت نوێژی سونەت بکات ئینجا بچێتە ماڵەوە ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودە صەحیحە : (عن كعب بن مالك ، قال : (كَانَ إِذَا قَدِمَ مِنْ سَفَرٍ بَدَأَ بِالْمَسْجِدِ فَرَكَعَ فِيهِ رَكْعَتَيْنِ ثُمَّ جَلَسَ لِلنَّاسِ)[1].

واته : پێغەمبەر ﷺ هەرکاتێك لە سەفەر بگەڕابوایەوە لە سەرەتادا دەچووە مزگەوت دوو ركەعەت نوێژی سونەتی تیادا دەکرد ، پاشان دادەنیشت بۆ سەلام کردن و ئەحواڵ پرسین و چارەسەری کێشەی خەڵك .

(١) (صحيح) صحيح الترغيب والترهيب : ٣ / ٧٠ .

(١٤) صلاةُ سنةِ الجمعةِ مطلقاً بلا تحديد

واتە : نوێژی سونەت لە ڕۆژی جومعەدا بە بێ تەحدید کردنی ژمارەی رکەعەتەکانی ، سونەتە بۆ ئەو کەسەی دەچێتە مزگەوت لە ڕۆژی جومعەدا دەست بکات بە نوێژ کردن دوو رکەعەت دوورکەعەت هەتا ئەو کاتەی ئیمام ئەچێتە سەر میمبەر ، بەلاّم ئەم دوورکەعەتەی کە ئێستا خەڵك دەیکات کە گشتیان بەیەکەوە هەڵدەستن لە دوای بانگی یە کەمی جومعە ، ئەم دوو رکەعەتە بەم شێوەیە بیدعەیەو دروست نیە چونکە لە سەر دەمی پێغەمبەری خوا ﷺ بەم شێوەیە نەکراوە ، لەسەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ لەڕۆژی جومعەدا تەنها یەك بانگ دراوە ، لەدوای تەواوبوونی بانگەکە یەکسەر پێغەمبەری خوا ﷺ ووتاری دەخوێندەوە و هاوەڵە بەڕێزەکانی گوێبیستی ووتاری دەبوون و هەڵنەدەستان بەیەکەوە ئەم دوو رکەعەت نویژە بکەن کە ئێستا زۆرێك لەخەڵکی دەیکات ، بەڵکو ئەوەی سونەتە لەڕۆژی جومعەدا بکرێت ئەنجامدانی نوێژی سونەتە بەبێ تەحدید کردنی

ژمارە بۆ رکەعەتەکانی هەتا ئەو کاتەی بانگ دەدرێت و ئیمام دەچێتە سەر میمبەر ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودە صەحیحە ، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : (من اغْتَسَلَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ وَلَبِسَ مِنْ أَحْسَنِ ثِيَابِهِ وَمَسَّ مِنْ طِيبٍ إِنْ كَانَ عِنْدَهُ ثُمَّ أَتَى الْجُمُعَةَ فَلَمْ يَتَخَطَّ أَعْنَاقَ النَّاسِ ثُمَّ صَلَّى مَا كَتَبَ اللَّهُ لَهُ ثُمَّ أَنْصَتَ إِذا خرج إِمَام حَتَّى يَفْرُغَ مِنْ صَلَاتِهِ كَانَتْ كَفَّارَةً لِمَا بَيْنَهَا وَبَيْنَ جُمُعَتِهِ الَّتِي قَبْلَهَا)(١).

واتە : هەرکەسێك خۆی بشوات لە ڕۆژی جومعەدا ، وە جوانترین پۆشاکی لەبەربکات ، وە بۆنێکی خۆش لەخۆی بدات ئەگەر لەلای هەبوو ، پاشان بەڕێکەوت بۆ مزگەوت ، کاتێك گەییشتە ناو مزگەوت قاچی بەسەر شانو ملی خەڵکی بازنەدەدا ، پاشان دەستی کرد بە نوێژ کردن ئەوەندەی خوای گەورە لەسەری نووسیبوو ، پاشان بێدەنگ بوو ، کاتێك ئیمام چووە سەر میمبەر بۆ ووتار خوێندنەوە هەتاوەکو لەنوێژو ووتارەکەی تەواو دەبێت ، ئەم کەسە ئەگەر بەم شێوەیە ئاداب و عیبادەتەکانی ڕۆژی جومعەی جێبەجێ بکات ، خوای گەورە ئەم عیبادەتانەی بۆ دەکاتە کەفارەتی گشت ئەم تاوانە

(١) (صَحِيح) ، مشكاة المصابيح : ١ / ٤٣٧ .

بچووکانەی کە لەنێوان ڕۆژەکانی ئەم جومعەیەو جومعەی ڕابووردووی ئەنجام داوە .

دەبینین پێغەمبەری خوا ﷺ لەم فەرموودەیەدا هانی موسوڵمانان دەدات بەئەنجامدانی نوێژی سونەت لەڕۆژی جومعەدا بەبێ تەحدید کردنی ژمارە ، پێغەمبەر ﷺ نەی فەرمووە لەدوای بانگی جومعە هەمووتان بەیەکەوە هەڵبستن دوو ڕکەعەت سوونەت بکەن .

وە هەروەها لە عبداللّە ی کوڕی عمر(ڕەزای خوای گەورەی لێبێت) هاتووە کەوا لە ڕۆژی جومعەدا دوازدە رکەعەت سونەتی کردوە .

وە لە عبدالله ی کوڕی عباس (ڕەزای خوای گەورەی لێبێت) هاتووە کەوا هەشت ڕکەعەتی کردووە .

وە لە عبدالله ی کوڕی مسعود (ڕەزای خوای گەورەی لێبێت) هاتووە کەوا چوار ڕکەعەتی کردووە[(١)] .

زانیان دەڵێن جیاوازی لەنێوان ژمارەی رکەعەتی نوێژی ئەم سێ صەحابە بەڕێزەش بەڵگەیە لەسەر نەبوونی ژمارەی

---

(١) الأجوبة النافعة عن أسئلة لجنة مسجد الجامعة : ٦٢ .

دیاری کراو بە بەردەوامی لە ڕۆژی جومعەدا لەمزگەوت ، کەواتە موسوڵمان بۆی هەیە بەگوێرەی توانای نوێژی سونەت بکات لەڕۆژی جومعەدا ، هەروەکو دەبینین ابن عمر دوازدە ڕکەعەتی کردووە ، وە ابن عباس هەشت رکەعەتی کردووە ، وە ابن مسعود چوار ڕکەعەتی کردووە ، بەلاّم تەنها ئەنجامدانی دوو رکەعەت بەبەردەوامی لەڕۆژی جومعەدا بیدعەیەوبەڵگەی صەحیحی لەسەر نیە .

وهەروەها لەدوای نوێژی جومعە سونەتە دوو رکەعەت یان چوار رکەعەت نوێژی سونەت بکرێت ، بە بەڵگەی ئەم دوو فەرموودەیە :

١. قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : « مَنْ كَانَ مِنْكُمْ مُصَلِّيًا بَعْدَ الْجُمُعَةِ فَلْيُصَلِّ أَرْبَعًا »[١].

واتە : ئەگەر یەکێك لە ئێوە ویستی نوێژی سونەت بکات لەدوای نوێژی جومعەدا با چوار رکەعەت بکات .

---

(١) (صَحِيحٌ) مشكاة المصابيح : ١ / ٣٦٦ .

٢ . يقول ابن عمر رضي الله عنهما : (حفظت من الرسول ﷺ.... وثنتين بعد صلاة الجمعة في بيته)[١].

واته : عبدالله ی کوری عمر (ڕەزای خوای گەورە یان لێبێت) دەڵێت : وەرم گرتووە لە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجامدانی دوو رکەعەت سونەت لەدوای نوێژی جومعە لەماڵەوە .

---

(١) أخرجه البخاري برقم (٩٣٧) ، ومسلم ، برقم (٨٨٢) .

(١٥) الصلاةُ في مسجد قباء

واتە : نوێژ کردن لە مزگەوتی (قباء) لە شاری مەدینە ، سونەتە بۆ ئەو کەسەی لەشاری مەدینەیە بچێت بۆ مزگەوتی (قباء) دوو رکەعەت نوێژی سونەتی تیابکات بەتایبەتی ڕۆژی شەممە ، عبدالله ی کوڕی عمر (ڕەزای خوای گەورەی لێبێت) دەڵێت : (كَانَ النَّبِيُّ ﷺ يَأْتِي مَسْجِدَ قبَاءَ كلَّ سبتٍ مَا شياً وراكباً فَيصَلي فِيهِ رَكْعَتَيْنِ)[١].

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ دەچووە مزگەوتی (قباء) هەموو ڕۆژێکی شەممە بە پیادە یان بە سواری ، دوو ڕکەعەت نوێژی سونەتی تیادەکرد .

---

(١) (مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ) ، مشكاة المصابيح : ١ / ٢٢٠ .

وە سەبارەت بە فەزڵ و گەورەیی نوێژی سونەت لەم مزگەوتەدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (من تطهر في بيته ثم أتى مسجد قباء فصلى فيه كان له كأجر عمرة)[1].

واتە : هەرکەسێك دەست نوێژ بگرێت لەماڵەوەی پاشان بچێتە مزگەوتی (قباء) نوێژی سونەتی تیابکات پاداشتی بۆ هەیە بە ئەندازەی پاداشتی عومرە .

---

(١) صحيح الجامع الصغير وزياداته : ٢ / ١٠٥٩ .

١٦ صلاةُ ركعتَي الطوافِ خلفَ مقامِ ابراهيم

واتە : دوو ركەعەت نوێژی تەواف لە پشت مەقامی ئیبراهیم ، سونەتە بۆ ئەو كەسەی تەواف دەكات لەدوای تەواو بوونی تەوافەكەی بچێتە پشت مەقامی ابراهیم دوو ركەعەت نوێژی سونەت بكات[١] ، وە هەندێك لە زانایان ئەم دوو ركەعەتەیان بە واجب داناوە[٢] ، خوای گەورە دەفەرموێت : (وَاتَّخِذُوا مِنْ مَقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى)[٣].

واتە : شوێنی جێگای لەسەر وەستانی پێغەمبەر ابراهیم (سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت) بكەن بە جێگای نوێژ كردن ، كە بریتی لە ئەنجامدانی دووركەعەت نوێژ لە دواوەی لەدوای تەواو بوونی تەواف .

---

(١) مجموع فتاوى العلامة عبد العزيز بن باز رحمه الله : ١٧ / ٢٢٩ .

(٢) مجموع فتاوى ورسائل فضيلة الشيخ محمد بن صالح العثيمين : ٢٤ / ٤٦٣ .

(٣) [البقرة: ١٢٥] .

وه‌ عه‌مری كوڕی دینار ده‌ڵێت گوێم له‌عبدالله‌ی كوری عمر بوو (ره‌زای خوای گه‌وره‌یان لێبێت) ده‌یفه‌رموو : (لَمَّا قَدِمَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ مَكَّةَ طَافَ بِالْبَيْتِ سَبْعًا ثُمَّ صَلَّى خَلْفَ الْمَقَامِ رَكْعَتَيْنِ)[1] .

واته‌ : كاتێك پێغه‌مبه‌ر ﷺ هاته‌ شاری مه‌ككه‌ ته‌وافی به‌ده‌وری به‌یت كرد حه‌فت جار ، پاشان دوو ڕكه‌عه‌ت نوێژی كرد له‌ پشت مه‌قامی ابراهیم .

وه‌ سونه‌ته‌ له‌م دوو ركه‌عه‌ته‌دا له‌دوای خوێندنی سوره‌تی فاتیحه‌ سوره‌تی (قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ) له‌ ركه‌عه‌تی یه‌كه‌م بخویندرێت ، وه‌ (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ) له‌ ركه‌عه‌تی دووه‌م بخویندرێت[2] .

وه‌ سه‌باره‌ت به‌نوێژی (تحية المسجد) وه‌ نوێژی جه‌ژن وه‌ نوێژی جه‌ماعه‌ت ، ئه‌م نوێژانه‌ واجبن سونه‌ت نین بۆیه‌ له‌ گه‌ڵ نوێژه‌ سونه‌ته‌كانم باس نه‌كردوون .

---

(١) صحيح ، التعليقات الحسان على صحيح ابن حبان : ٦ / ٣٥ .

(٢) المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج : ٨ / ١٧٨ .

بەڵگە لەسەر واجبیەتی نوێژی (تحية المسجد) پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمویت : (إذا دخل أحدكم المسجد فلا يجلس حتى يصلي ركعتين) [1] .

واتە : ئەگەر یەکێك لە ئێوە چووە ناو مزگەوت با دانەنیشێت هاتا دوو ڕکەعەت نوێژ نەکات .

وعن أبي قتادة صاحبُ رسولِ الله ﷺ قال : دخلتُ المسجدَ ورسولُ الله ﷺ جالس بين ظهرانَي الناس، قال: فجلست ، فقال رسول الله ﷺ : " ما منعك أن تركع ركعتين قبل أن تجلس؟! ". قال: فقلت: يا رسول الله ! رأيتك جالساً والناس جلوس ! قال: فإذا دخل أحدكم المسجد , فلا يجلس حتى يركع ركعتين) [2] .

واتە : باوکی قەتادە هاوەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ دەڵێت : چوومە ناو مزگەوت وە پێغەمبەری خوا ﷺ لەناو خەڵکی دانیشتبوو ، منیش دانیشتم ، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمووم چ شتێك ڕێگری لەتۆکرد لە ئەنجامدانی دوو ڕکەعەت پێش ئەوەی دابنیشیت ؟ ووتم ئەی پێغەمبەری خوا

---

(١) أخرجه البخارى (٢٩٣/١) ومسلم (١٥٥/٢) .

(٢) إرواء الغليل في تخريج أحاديث منار السبيل : ٢ / ٢٢١ .

ﷺ تۆم بینی دانیشتبووی وە خەڵکیش دانیشتبوو ! فەرمووی ئەگەر یەکێك لەئێوە چووە ناومزگەوت با دانەنیشێت هەتا دوو ڕکەعەت نوێژ دەکات .

وعن جابر بن عبد الله قال جاء رجلٌ والنبي ﷺ يخطب الناسَ يوم الجمعة فقال أصليتَ يا فلان؟ قال: لا، قال: قم فاركع ركعتين(١).

واتە : جابری کوری عبدالله (رەزای خوای گەورەی لێبێت) ووتی : پیاوێك هاتە ناو مزگەوت لەوکاتەی پێغەمبەری خوا ﷺ ووتاری دەخوێندەوە لەڕۆژی جومعەدا ، ئەم پیاوە یەکسەر دادەنیشێت پێش ئەوەی دوو ڕکەعەت نوێژی (تحية المسجد) بکات ، پێغەمبەری خوا ﷺ هەر لەکاتی ووتار خوێندنەوەی پێی دەفەرمووێت فلاّنە کەس نوێژت کرد پێش ئەوەی دابنیشیت ؟ ووتی نەخێر ، فەرمووی هەستە دوو ڕکەعەت نوێژ بکە .

شێخ ئەلبانی (رەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت : ئەم فەرموودانە بەڵگەی (صريح) ن واتە بەڵگەی ڕوون و ئاشکران لەسەر واجبیەتی نوێژی (تحية المسجد) ، وە بەڵگەی ئەو

(١) رواه البخاري : ٨٨٨ ، ومسلم : ٨٧٥ .

زانایانەی کە دەڵێن نوێژی (تحية المسجد) **سونەتە (صريح) نین واتە ڕوون و ئاشکرا نین کە نوێژی** (تحية المسجد) **سونەت بێت واجب نەبێت** [1] .

وە بەڵگە لەسەر واجبیەتی نوێژی جەژن ئەم فەرموودەیە کە لة **أُمِّ عَطِيَّةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا وارید بووە دەڵێت : (أُمِرْنَا أَنْ نُخْرِجَ الْحُيَّضَ يَوْمَ الْعِيدَيْنِ وَذَوَاتَ الْخُدُورِ فَيَشْهَدْنَ جَمَاعَةَ الْمُسْلِمِينَ وَدَعْوَتَهُمْ ، وَتَعْتَزِلُ الْحُيَّضُ عَنْ مُصَلَّاهُنَّ ، قَالَتِ امْرَأَةٌ : يَا رَسُولَ اللَّهِ إِحْدَانَا لَيْسَ لَهَا جِلْبَابٌ ؟ قَالَ: «لِتُلْبِسْهَا صَاحِبَتُهَا مِنْ جِلْبَابِهَا»)** [2].

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ فرمانی پێکردووین کەوا ئەو ئافرەتانەی لە کاتی حەیز دان وە ئەو کچانەی لە ماڵەوەن بیانهێنینە دەروە لە ڕۆژی جەژنی قوربان و رەمەزان بۆ ئەوەی ئامادەی کۆمەڵی موسوڵمانان بن ، وە ئامادەی نزاو پاڕانەوەیان بن ، وە ئافرەتە حەیز دارەکان خۆیان جیابکەنەوە و بەدوور بگرن لە شوێنی نوێژ کردنی جەژن ،

---

(١) تفريغ سلسلة الهدى والنور للشيخ الألباني : ٨٧ / ٢٤ .

(٢) (مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ) مشكاة المصابيح : ١ / ٤٥١ .

ئافرەتێك ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ هەیە لەئێمە جلی بالاپۆشی نیە ؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : با هاوڕێکەی جلی خۆی پێبدات و پۆشتەی بکات .

شێخ (محمد بن صالح عثيمين) **ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێت ، دەڵێت : نوێژی جەژن فەرزی عەینە لە سەر گشت پیاوو ئافرەتێك ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فرمانی کردووە بە دەر چوون لە ماڵەوە بۆی ، هەتا فرمانی دەرچوونی بە ئافرەتانی حەیزدار کردووە ، وە پیاوان زیاتر ئەولاترن دەربچن لە ماڵەوەیان بۆ نوێژی جەژن ، وە شێخی ئیسلام (ئیبن و تەیمیەش) ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێت لە سەر ڕەئی واجبیەتی نوێژی جەژنە [1] .**

وە ئیمامی شەوکانی (ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێت) ، لە کتابی (السيل الجرار) **دەڵێت : (وهذا كله يدل على أن هذه الصلاة واجبة وجوبا مؤكدا على الأعيان لا على الكفاية)**[2].

---

(١) فتاوى أركان الإسلام : ٣٩٦ .

(٢) السيل الجرار المتدفق على حدائق الأزهار : ١ / ١٩٢ .

واتە : گشت ئەم فەرموودانەی باسی چوون بۆ نوێژی جەژن دەکەن بەڵگەن لە واجب بوونی عەینی ، نەك واجب بوونی کیفائی .

وە بەڵگە لە سەر واجبیەتی نوێژی جەماعەت پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (مَنْ سَمِعَ النداءَ فلم يأتِهِ فلا صلاةَ له إلا مِن عُذْرٍ) [1] .

واتە : هەر کەسێك گوێبیستی بانگ بوو ، پاشان نەچوو بۆ نوێژی جەماعەت ، ئەم کەسە نوێژی بۆ نیە ، ئیلا ئەگەر عوزری هەبێت .

١ صحيح، الإرواء (٢ / ٣٣٧) ، التعليق الرغيب (١ / ١٩٦) ، صحيح أبي داود (٥٦٠) .

وە لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە پیاوێکی نابینا دێتەلای پێغەمبەری خوا ﷺ داوای لێدەکات ڕوخسەتی بدات بۆ نەهاتنی بۆ نوێژی جەماعەت ، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی دەفەرمووێت : («هَلْ تَسْمَعُ النِّدَاءَ بِالصَّلَاةِ؟» قَالَ: نَعَمْ قَالَ: «فَأَجِبْ» ١ .

واتە : ئایە گوێبیستی بانگ دەبیت بۆ نوێژ ؟ پیاوە نابیناکە ووتی : بەڵێ ، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو وەلامی بدەرەوەو لە مزگەوت ئامادەبە .

وە لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرمووێت :(لَقَدْ هَمَمْتُ أَنْ آمُرَ بِالصَّلَاةِ فتُقام ثُمَّ آمُرَ رَجُلًا فَيُصَلِّيَ بِالنَّاسِ ثُمَّ أَنْطَلِقَ مَعِي بِرِجَالٍ مَعَهُمْ حُزَمُ حَطَبٍ إِلَى قَوْمٍ لَا يَشْهَدُونَ الصَّلَاةَ فأُحَرِّقَ عَلَيْهِمْ بيوتهم بالنار) ٢.

واتە : لەنیەتم هەیە ڕۆژێك فرمان بەکەسێك بکەم پێش نوێژی بۆ خەڵك بکات ، پاشان هەندێك پیاو لەگەڵ خۆم ببەم

---

١ رَوَاهُ مُسلم ، (صَحِيح) مشكاة المصابيح : ١٠٥٤ .

٢ صحيح - ((الإرواء)) (٤٨٦) .

و هەندێك دار لە گەڵ خۆیان بێنن، ماڵ بەسەر ئەوکەسانە دا بسوتێنین کەنایەن بۆ نوێژی جەماعەت لە مزگەوت .

شێخ ابن باز (ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێت) دەڵێت : لەنێوان زانایان دوو لێکدانەوە هەیە سەبارەت بەحوکمی ئەو نوێژەی بەجەماعەت لە مزگەوت ناکرێت ، زۆربەی زانایان دەڵێن نوێژەکە دروستە بەلاّم کەسەکە تاوان بارە بەهۆی نەچوونی بۆ نوێژی جەماعەت ، وە هەندێك لەزانایان دەڵێن نوێژەکە قبول نیە ، چوونکە بەتەنهای کردووە و نەچۆتە مزگەوت بۆ نوێژی جەماعەت [١].

١ فتاوى نور على الدرب ، لابن باز رحمه الله : ١١٦/١١ .

نوێژە بیدعەکان(داهێنراوەکان)

١ صلاة الحاجة

واتە : نوێژی داواکردنی پێویستی ، ئەم نوێژە لەگەڵ نوێژی (استخارة) جیایە ، (صلاة الاستخارة) دروستەو سونەتە ، چونکە بەڵگەی صەحیحی لەسەرە ، بەلأم (صلاة الحاجة) دروست نیەو بیدعەیە چونکە بەڵگەی لاواز و هەڵبەستراوی لەسەرە ، وە کردەوەکردن بەبەڵگەی لاواز و هەڵبەستراو دروست نیەو بیدعەیە ، ئەو فەرموودەیەی (صلاة الحاجة) ی لە سەر بنیات نراوە فەرموودەیەکی (موضوع) ە واتە هەڵبەستراوە ، ئەمەش دەقی فەرموودەکەیە ، (قَالَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ: (مَنْ كَانَتْ لَهُ حَاجَةٌ إِلَى اللّهِ أَوْ إِلَى أحد من بني آدم فَلْيَتَوَضَّأْ فليحسن الْوُضُوءَ ثُمَّ لِيُصَلِّ رَكْعَتَيْنِ ثُمَّ لِيُثْنِ عَلَى اللَّهِ تَعَالَى وَلْيُصَلِّ عَلَى النَّبِيِّ ﷺ ثُمَّ لِيَقُلْ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ الْحَلِيمُ الْكَرِيمُ سُبْحَانَ اللَّهِ رَبِّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ أَسْأَلُكَ مُوجِبَاتِ رَحْمَتِكَ وَعَزَائِمَ مَغْفِرَتِكَ وَالْغَنِيمَةَ مِنْ كُلِّ بِرٍ وَالسَّلَامَةَ مِنْ

كُلِّ إِثْمٍ لَا تَدَعْ لِي ذَنْبًا إِلَّا غَفَرْتَهُ وَلَا هَمًّا إِلَّا فَرَّجْتَهُ وَلَا حَاجَةً هِيَ لَكَ رِضًى إِلَّا قَضَيْتَهَا يَا أَرْحَمَ الرَّاحِمِينَ)[1].

دەقی فەرموودەکە ناکەمەوە کوردی چونکە صەحیح نیە ، بۆ ئەوەی نەبێتە جێگای شوبهەو گومان بۆ ئەو کەسانەی دڵیان تەواو جێگیر نەبووە لەسەر خۆشویستنی سونەت و ڕق لێبوونەوە لە بیدعە .

(١) (مَوْضُوع) ، مشكاة المصابيح : ١ / ٤١٧ .

٢ قيامُ الليلِ في ليلةِ النصفِ مِن شعبان

واتە: هەستانەوە بۆ شەونوێژو عیبادەت لە شەوی نیوەی مانگی شەعبان ، تایبەتکردنی شەونوێژو عیبادەت لەم شەوەدا دروست نیەو بیدعەیە ، چونکە بەڵگەی صەحیحی لەسەر نیە ، بەڵکو بەڵگەی زەعیفی لەسەرە ، وە کردەوە کردن بە بەڵگەی زەعیف هۆکارێکە بۆ بلاّوکرنەوەی بیدعە لەناو دینی ئیسلامدا ، ئەمەش دەقی فەرموودە زەعیفەکەیە کە ئەم بیدعەیەی لەسەر بنیات نراوە ، عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: فَقَدْتُ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ لَيْلَةً فَإِذَا هُوَ بِالْبَقِيعِ فَقَالَ " أَكُنْتِ تَخَافِينَ أَنْ يَحِيفَ اللَّهُ عَلَيْكِ وَرَسُولُهُ ؟ قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي ظَنَنْتُ أَنَّكَ أَتَيْتَ بَعْضَ نِسَائِكَ فَقَالَ: إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى يَنْزِلُ لَيْلَةَ النِّصْفِ مِنْ شَعْبَانَ إِلَى السَّمَاءِ الدُّنْيَا فَيَغْفِرُ لِأَكْثَرَ مِنْ عَدَدِ شَعْرِ غَنَمِ كَلْبٍ " قَالَ التِّرْمِذِيُّ : سَمِعْتُ مُحَمَّدًا يَعْنِي الْبُخَارِيّ يضعف هَذَا الحَدِيث [1].

(١) (ضَعِيف) ، مشكاة المصابيح : ١ / ٤٠٦ .

وەکو حەدیسەکەی پێش ئێستا دەقی فەرموودەکە ناکەمەوە کوردی چونکە صەحیح نیە ، بۆ ئەوەی نەبێتە جێگای شوبهەو گومان بۆ ئەو کەسانەی دڵیان تەواو جێگیر نەبووە لەسەر خۆشویستنی سونەت و ڕق لێبوونەوە لە بیدعە .

٣ صلاةُ الرغائبِ

واته : نوێژی بە دەست هێنانی پاداشتێكی زۆر ، سەبارەت بەم نوێژە بیدعەیە ئیمامی نەوەوی[١] (رەحمەتی خوای گەورەی لێبێت) دەڵێت : (الصَّلَاةُ الْمَعْرُوفَةُ بصلاة الرغائب ، وهي ثنتي عَشْرَةَ رَكْعَةً تُصَلَّى بَيْنَ الْمَغْرِبِ وَالْعِشَاءِ لَيْلَةَ أَوَّلِ جُمُعَةٍ فِي رَجَبٍ ، وَصَلَاةُ لَيْلَةِ نِصْفِ شَعْبَانَ مِائَةُ رَكْعَةٍ ، وَهَاتَانِ الصَّلَاتَانِ بِدْعَتَانِ وَمُنْكَرَانِ قَبِيحَتَانِ وَلَا يُغْتَرُّ بِذَكَرِهِمَا فِي كِتَابِ قُوتِ الْقُلُوبِ ، وَإِحْيَاءِ عُلُومِ الدِّينِ ، وَلَا بِالْحَدِيثِ الْمَذْكُورِ فِيهِمَا ، فَإِنَّ كُلَّ ذَلِكَ بَاطِلٌ ، وَلَا يُغْتَرُّ بِبَعْضِ مَنْ اشْتَبَهَ عَلَيْهِ حُكْمُهُمَا مِنْ الْأَئِمَّةِ فَصَنَّفَ وَرَقَاتٍ فِي اسْتِحْبَابِهِمَا فَإِنَّهُ غَالِطٌ فِي ذَلِكَ ، وَقَدْ صَنَّفَ الشَّيْخُ الْإِمَامُ أَبُو مُحَمَّدٍ عبد الرحمن بن اسمعيل الْمَقْدِسِيُّ كِتَابًا نَفِيسًا فِي إبْطَالِهِمَا فَأَحْسَنَ فِيهِ وَأَجَادَ رَحِمَهُ اللَّهُ)[٢] .

---

(١) ئیمامی نەوەوی یەكێكە لە پێشەوایانی مەزهەبی ئیمامی شافعی رەحمەتی خوایان لێبێت.

(٢) المجموع شرح المهذب : ٤ / ٥٦ .

واتە: ئەو نوێژەی کەناسراوە بە نوێژی رەغائیب ، کە پێکهاتووە لە دوازدە رکەعەت لە نێوان نوێژی مەغریب و عیشا ئەنجام دەدرێت لە شەوی یەکەم جومعەی مانگی رەجەب ، وە هەروەها نوێژی شەوی نیوەی شەعبان کە پێکهاتووە لە سەد ڕکەعەت ، ئەم دوو جۆرە نوێژە دوو بیدعەی خراپ و ناشیرنن لە دیندا موسوڵمان نابێت بەم دوو بیدعەیە هەڵبخەڵەتێت کە لەکتابی (قُوتِ الْقُلُوبِ) و کتابی (إِحْيَاءِ عُلُومِ الدِّينِ) هاتووە ، وە بەم فەرموودەش هەڵمەخەڵێتێن کە باس لەم دوو بیدعەیە دەکات ، گشت ئەم شتانەی لەم دوو کتێبەو حەدیسە هەڵبەستراوەکە هاتووە باتڵەو پووچ و بێ بنەمایە ، وە نابیت موسوڵمان هەڵبخەڵەتێت بە هەندێك لەو پێشەوایانەی حوکمی ئەم دوو نوێژە بیدعەیان لێتێك چووە کاتێك هەستاون بەنووسینی چەند وەرەقەیەك لەسەر بەسونەت دانانی ئەم دوو نوێژە ، ئەم جۆرە کەسانە لەم حوکمەیان بە هەڵە داچووینە ، ئیمامی ئەبو محمدی عبدالرحمن ی مەقدسی کتابێکی زۆر بەسوودی

نووسیوە سەبارەت بە پووچەڵ کردنەوەی حوکمی بەسونەت دانانی ئەم دوو نوێژە بیدعەیە[١].

---

(١) تێبینی : پرسیارێك ئاراستەی ئەو کەسانە دەکەم کە دەڵێن بیدعەی حەسەنە لەدیندا هەیە ، ئەگەر بیدعەی حەسەنە لە دیندا هەیە بۆ ئیمامی نەوەوی ئەم دوو نوێژە بە بیدعەوخراپە وەسف دەکات ، خۆ نوێژ کردن شتێکی خراپ نیە ؟ هەروەکو دەڵێن مەولود کردن شتێکی خراپ نیە ؟

٤ رَكْعَتَينِ بعد أذان الأول في يوم الجمعة

دوو ڕکەعەت نوێژ لەدوای بانگی یەکەم لەڕۆژی جومعەدا ، زۆرێك لە خەڵکی لەڕۆژی جومعەدا لەدوای بانگی یەکەمەوە هەڵدەستن تەنها ئەم دوو ڕکەعەت نوێژە دەکەن ، ئەم دوو ڕکەعەت نوێژە بەم شێوەیە و بەم ژمارەیە دروست نیەو بیدعەیە ، هەروەکو لە پێشدا باسمان کرد [(١)] .

(١) **سەیری کتابی** (الأجوبة النافعة عن أسئلة لجنة مسجد الجامعة :**لاپەرە** ٦٢ **بکە** .

ئەو کاتانەی نەهی کراوەلەشەرعدا نوێژ تیایاندا ئەنجام بدرێت

چەند کاتێك هەن حەڕامە بەبێ سەبەب نوێژ تیایاندا ئەنجام بدرێت ، ئەم کاتانەش بریتین لە مانەی خوارەوە :

١) دوای نوێژی بەیانی تا بەرز بوونەوەی خۆر به ئەندازەی رمحێك .

٢) کاتی خۆر هەڵاتن تا بەرز بوونەوەی به ئەندازەی رمحێك.

٣) کاتی گەیشتنی خۆر به ناوەراستی ئاسمان ، پێش بانگی نیوەڕۆ به چەند دەقەیەك .

٤) کاتی نزیك بوونەوەی خۆر ئاوا بوون .

بەڵگە لە سەر نادروستی نوێژی سونەت بەبێ سەبەب لەم چوار کاتانە ئەم فەرموودانەی خوارەوەن :

عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ قَالَ :(ثَلَاثُ سَاعَاتٍ كَانَ يَنْهَانَا عَنْهُنَّ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أَنْ نُصَلِّيَ فِيهِنَّ وَأَنْ نَقْبُرَ فِيهِنَّ مَوْتَانَا : حِينَ تَطْلُعُ الشَّمْسُ

بَازِغَةً حَتَّى تَرْتَفِعَ ، وَحِينَ يَقُومُ قَائِمُ الظَّهِيرَةِ حَتَّى تَمِيلَ الشَّمْسُ ، وَحِينَ تَصَوَّب الشمس لغروبها)(١).

واته : عوقبەی کوڕی عامر (ڕەزای خوای گەورەی لێبێت) دەڵێت : سێ کات هەن پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی لێکردووین کەوا نوێژی تیا بکەین وە جەنازەی تیادا بنێژین : ئەو کاتەی خۆر هەڵدێت هەتا بەرز دەبێتەوە ، وە ئەو کاتەی خۆر گەرم دەبێت و دەگاتە ناوەڕاستی ئاسمان هەتا لادەدات ، وە ئەو کاتەی خۆر نزم دەبێتەوە بۆ ئاوا بوونی .

وَعَن عَمْرو بن عبسة قَالَ :(قَدِمَ النَّبِيُّ ﷺ الْمَدِينَةَ فَقَدِمْتُ الْمَدِينَةَ فَدَخَلْتُ عَلَيْهِ فَقُلْتُ : أَخْبِرْنِي عَنِ الصَّلَاةِ فَقَالَ : «صَلِّ صَلَاةَ الصُّبْحِ ثُمَّ أقصر عَن الصَّلَاة حَتَّى تَطْلُعُ الشَّمْسُ حَتَّى تَرْتَفِعَ ، فَإِنَّهَا تَطْلُعُ حِينَ تَطْلَعُ بَيْنَ قَرْنَيْ شَيْطَانٍ وَحِينَئِذٍ يَسْجُدُ لَهَا الْكُفَّارُ...)(٢).

واته : عەمری کوری عەبەسە ووتی : پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە شاری مەدینە ، منیش چوومە شاری مەدینە ، چوومە

---

(١) صحيح . ((احكام الجنائز)) (١٦٥ و ١٧٥)، ((الإرواء)) (٢/ ٢٣٨/٤٨٠) .

(٢) (صَحِيح) مشكاة المصابيح : ١٠٤٢ .

لای پێغەمبەری خوا ﷺ ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵم پێبدە سەبارەت بە نوێژ کردن ، فەرمووی : نوێژی بەیانی بکە پاشان واز لە نوێژ کردن بێنە هەتا ئەو کاتەی خۆر دەر دەکەوێت و بەرز دەبێتەوە(بەندازەی ڕمحێك) ، خۆر کاتێك دەر دەکەوێت لە نێوان دوو قۆچی شەیتانێك دەر دەکەوێت ، وەلەو کاتدا کافرەکان سوجدە بۆ خۆر دەبەن .

زانایان دەڵێن ئەو نوێژانەی بە هۆی سەبەبێکەوە ئەنجام دەرێن ئەوە دروستە لەکاتە نەهیەکانیش ئەنجام بدرێن ، وە کو نوێژی (تحية المسجد) ، وە دوو ڕکەعەت نوێژی دوای تەواو بوونی تەواف لە پشت مەقامی ابراهیم ، وە سونەتی دەست نوێژ ، ئەم نوێژانە خاوەن سەبەبن بۆیە دروستە لە کاتە نەهیە کانیشدا بکرێن ، بەلاّم ئەو نوێژانەی بەبێ سەبەب ئەنجام دەدرێن دروست نیە لە کاتە نەهیەکاندا ئەنجام بدرێن (١) .

---

(١) فتاوى نور على الدرب لإبن باز : ١١ / ٩ .

ئەو شوێنانەی نەهی کراوە لەشەرعدا نوێژ تیایاندا ئەنجام بدرێت

چەند شوێنێك هەن نەهی کراوەو حەڕامە نوێژ تیایاندا ئەنجام بدرێت ، ئەویش بریتین لەم شوێنانەی خوارەوە :

١) **گۆڕستان:** پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : « الْأَرْضُ كُلُّهَا مَسْجِدٌ إِلَّا الْمَقْبَرَةَ وَالْحَمَّامَ »[(١)].

واتە : زەوی گشتی مزگەوتەو شوێنی نوێژ کردنە تەنها گۆڕستان و حەمام نەبێت .

٢) **حەمام :** بە بەڵگەی فەرموودەی ڕابردوو ، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (الْأَرْضُ كُلُّهَا مَسْجِدٌ إِلّا الْمَقْبَرَةَ وَالْحَمَّامَ) .

٣) **ئەو مزگەوتانەی لەسەر گۆر دوروست کراون ، یان گۆریان تیایە:** پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : « أَلَا وَإِنَّ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ كَانُوا يَتَّخِذُونَ قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ وَصَالِحِيهِمْ مَسَاجِدَ أَلَا فَلَا تَتَّخِذُوا الْقُبُورَ مَسَاجِدَ إِنِّي أَنْهَاكُمْ عَنْ ذَلِكَ »[(٢)].

---

(١) (صَحِيحٌ) مشكاة المصابيح : ٧٣٧ .

(٢) (صحيح) انظر حديث رقم : ٢٧٤٥ في صحيح الجامع .

واتە: ئاگاداربن ! ئەوانەی پێش ئێوە (لە گاوور و جولەکەکان) گۆڕی پێغەمبەران و پیاو چاکانیان دەکرد بە مزگەوت و پەرستگا ، ئاگاداربن ! ئێوە وەکو ئەوان گۆڕستان نەکەن بە مزگەوت من نەهی ئەم کارەتان لێدەکەم .

و عَنْ أَنَسٍ: أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وسلم نهى عن الصلاة إلى القبور ١ .

واتە : ئەنەس دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە نوێژ ڕووەو قەبر بکرێت .

٤) شوێنی مۆڵگەو حەوانەوەی ووشتر: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : (إذا حضرت الصلاة فلم تجدوا إلا مرابض الغنم وأعطان الإبل فصلوا في مرابض الغنم ولا تصلوا في أعطان الإبل)(٢).

واتە : ئەگەر کاتی نوێژداهات وە هیچ شوێنێك نەبوو نوێژی تیابکەن تەنها مۆڵگەی مەڕو ووشتر نەبێت ، ئەوە نوێژتان لە

---

١ صحيح ، التعليقات الحسان على صحيح ابن حبان : ٢٣١٧ .

(٢) الثمر المستطاب في فقه السنة والكتاب : ١ / ٣٨٢ .

شوێنی مۆڵگه‌ی مه‌ڕ بكه‌ن ، به‌ڵام له‌ شوێنی مۆڵگه‌ی ووشتر مه‌كه‌ن .

وه‌ هۆكاری نادروستی نوێژ له‌ شوێنی مۆڵگه‌ی ووشتر ، وه‌ دوروستیه‌تی له‌ شوێنی مۆڵگه‌ی مه‌ڕ ، پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ باسی كردووه‌ و ده‌فه‌رموێت : (لا تصلوا في مبارك الإبل فإنها من الشياطين و صلوا في مرابض الغنم فإنها بركة)[1].

واته‌ : نوێژ مه‌كه‌ن له‌ شوێنی مۆڵگه‌ی ووشتر چونكه‌ ووشتر له‌ شه‌یاتینه‌ (واته‌ كرداره‌ تووندو زیان به‌خشه‌كانی به‌ شه‌یاتین ده‌چێت نه‌ك له‌ جنسی شه‌یاتین بێت ، هه‌روه‌كو چۆن مرۆڤه‌ كافرو زیان به‌خشه‌كان به‌هۆی كرداره‌ خراپ و زیان به‌خشه‌كانیان خوای گه‌وره‌ به‌ شه‌یاتینی وه‌سف كردوون ، ده‌فه‌رموێت: (شَيَاطِينَ الْإِنْسِ وَالْجِنِّ)[2]. ، واته‌: شه‌یاتینه‌ مرۆڤ و جنۆكه‌كان ، ده‌بینین له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا مرۆڤ له‌ جنسی شه‌یاتینه‌كان نیه‌ ، كه‌واته‌ هۆكاره‌كه‌ی ده‌گه‌رێته‌وه‌ بۆ زه‌ره‌رو زیانه‌كانی ووشتر به‌ مرۆڤ له‌كاتی نوێژ كردن له‌ مۆڵگه‌كه‌یدا

---

(١) (صحيح) انظر حديث رقم : ٧٣٥١ في صحيح الجامع .

(٢) [الأنعام: ١١٢] .

) ئینجا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی نوێژ لە شوێنی مۆڵگەی مەڕ بکەن چونکە مەڕ بەرەکەتە (واتە مەڕ ئاژەڵێکی لەسەر خۆو بێ زیانە ، مرۆڤ لەم شوێنەدا نوێژیش بکات زیانی پێناگەیەنێت ، بە پێچەوانەی ووشتر جاری وا هەیە مرۆڤ دەکوژێت و لەناوی دەبات)[١].

٥) **پەرستگای جولەکەو گاورەکان :** ئیمامی (عومەر) ڕەزای خوای گەورەی لێبێت) دەڵێت : (إنا لا ندخل كنائسكم من أجل التماثيل التي فيها والصور)[٢].

واتە : ئێمە ناچینە کەنیسەی گاورەکان بەهۆی ئەم پەیکەرو وێنانەی تیایەتی .

٦) **نوێژ کردن لە نێوان کۆڵەکەکانی ناو مزگەوت لە نوێژی جەماعەتدا :** دروست نیە ڕیزی نوێژ لەبەینی کۆڵەکەکانی ناو مزگەوت دابنرێت ، چونکە ئەم کۆڵەکانە پچران دەیەخنە ناو ڕیزی نوێژ ، معاویەی کوڕی قوڕڕە لە باوەکی دەگێڕێتەوەو

---

(١) شرح سنن أبي داود ، عبدالمحسن العباد : ٣ / ٣١٢ .

(٢) الثمر المستطاب في فقه السنة والكتاب : ١ / ٣٩٤ .

دەڵێت : (كُنَّا نُنْهَى أَنْ نَصُفَّ بَيْنَ السَّوَارِي عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ وَنُطْرَدُ عَنْهَا طَرْدًا)[(١)].

واتە : ئێمە لەسەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەمان لێدەکرا ڕیزی نوێژەکانمان ببەستین لە نێوان کۆڵەکەکان و دوور دەخراینەوە لێیان .

(١) (حسن) السلسلة الصحيحة : ٣٣٥ .

ڕۆژووە سونەتەکان

(١) صيام الإثنين والخميس

واتە: بەڕۆژوو بوونی ڕۆژی دووشەم و پێنج شەم لە گشت هەفتەیەکدا ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (تُعرَضُ الأعمالُ يوم الأثنين والخميس فأُحبُ أن يعرض عملي وأنا صائم)[١] .

واتە: (کردەوەکان دەبردرێنەوە لای خوای گەورە لە ڕۆژانی دووشەم و پێنج شەمدا ، جا من حەز ئەکەم لەو کاتەی کردەوەکانم دەبردرێنەوە لای خوای گەورە بە ڕۆژووبم) .

وە لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە پیاوێك دێتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاری بەڕۆژوو بوونی ڕۆژی دووشەمی لێدەکات ، لەوەڵامدا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (ذاك يومٌ وُلِدتُ فيه , ويومٌ بُعِثتُ أو أُنزِلَ عَليَّ فيه)[٢].

---

(١) صحيح الترغيب والترهيب : ١٠١٤ (صحيح لغيره).

(٢) إرواء الغليل في تخريج أحاديث منار السبيل : ٤ / ١٠٩ .

واتە: ڕۆژی دووشەم ڕۆژێکە من تیایدا لەدایك بووم ، وە لەو ڕۆژەدا نێردراوم بە پێغەمبەرو قورئانم بۆ دابەزیوە .

(٢) صيامُ ثلاثةِ أيامٍ مِن كلِّ شهرٍ

واتە: بەڕۆژوو بوونی سێ ڕۆژ لە گشت مانگێك ، کە بریتین لە (١٣ و ١٤ و ١٥) ی مانگی عەرەبی لەو کاتەی مانگ بەرەو پڕبوون دەچێت ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودانە: (قال رسول الله ﷺ لأبي ذر (إذا صُمتَ مِنَ الشَّهرِ ثلاثة أيامٍ ، فَصُمْ ثلاثَ عَشْرةَ ، وأربَع عشرةَ ، وخمسَ عَشرَةَ) [١] .

واتە: (پێغەمبەر خوا ﷺ (بە باوکی (ذە ری) فەرمووی: ئەگەر سێ ڕۆژ لە مانگێکدا بە ڕۆژوو بوویت ئەوە ١٣ و ١٤ و ١٥ ی مانگە کە بە ڕۆژووبەبە) .

وَعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ : (أَوْصَانِي خَلِيلِي بِثَلَاثٍ : صِيَامِ ثَلَاثَةِ أَيَّام من كل شهر وركعتي الضُّحَى وَأَن أوتر قبل أَن أَنَام)[٢].

واتە : باوکی هورەیرە (ڕەزای خوای گەورەی لێبێت) ووتی : خۆشەویستم پێغەمبەری خوا ﷺ ئامۆژگاری کردم بەسێ شت : بە بەڕۆژوو بوونی سێ ڕۆژ لە گشت مانگێکدا ، وە

---

(١) صحيح الترغيب والترهيب: ١٠٣٨ (حسن صحيح).

(٢) (مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ) مشكاة المصابيح :١ / ٣٩٥ .

ئەنجامدانی دوو ڕکەعەت نوێژی چێشتەنگاو ، وە نوێژی ووتر پێش ئەوەی بخەوم .

٣ صيامُ ستةِ أيامٍ مِن شَوَّال

واتە: بەڕۆژوو بوونی شەش ڕۆژ لە مانگی شەوالدا، ئەو مانگەی لە دوای مانگی ڕەمەزاندا دێت ، پێغەمبەر خوا ﷺ دەفەرموویێت: (مَن صامَ رمضانَ ثم أتبعه ستاً من شَوَّال كان كصيام الدهر)[1].

واتە: (هەر کەسێك مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو بێت ، پاشان لە دوای مانگی ڕەمەزان شەش ڕۆژ لە مانگی شەوال بە ڕۆژوو بێت ، وەکو بەرۆژوو بوونی ساڵێك وایە) .

زانیان دەڵێن باشتروایە ئەم شەش ڕۆژە گشتیان یەکسەر لەدوای جەژنی ڕەمەزان بگیرێت ، بەلاَم بەجیاجیاش دروستە إن شاء الله .

---

(١) أخرجه مسلم ١١٦٤ .

٤ صيامُ يومِ عرفة

واتە: بە ڕۆژوو بوونی ڕۆژی عەرەفە ، کە بریتیە لە ڕۆژی نۆیەمی مانگی (ذي الحجة) وە دەكاتە ڕۆژێك پێش چەژنی قوربان ، پێغەمبەری خواﷺ فەرموويەتی : (صِيامُ يومِ عرفة إني أحتسب على الله أن يكفِّرَ السنة التي قبله والسنة التي بعده)[1].

واتە: (بەڕۆژوو بوونی ڕۆژی عەرەفە ئومێدم وایە خوای گەورە بەهۆی ئەم ڕۆژووەوە لە گشت تاوانە بچوکەکانی ساڵی ڕابردوو و داهاتوو خۆش ببێت) .

---

(١) صحيح الجامع الصغير وزيادته ، ٣٨٥٣ (صحيح) .

٥ صِيامُ عشرِ ذي الحجة

واتە : بەڕۆژوو بوونی نۆ ڕۆژ لە دەڕۆژەکانی سەرەتای مانگی (ذي الحجة) ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە: (عن بعض أزواج النبي ﷺ قالت: (كان رسولُ الله ﷺ يصومُ تسعَ ذي الحجة...)[١].

واتە: (هەندێك لە خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ فەرموویانە: پێغەمبەری خوا ﷺ نۆ ڕۆژەکانی مانگی (ذي الحجة) بە ڕۆژوو دەبوو) .

وەهەروەها سەبارەت بە گەورەیی و پاداشتی کردەوەی چاك لەم دەڕۆژەدا وە ڕۆژووش یەکێکە لە کردەوە چاکەکان ، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : (ما من أيام العمل الصالح فيهن ، أحبُّ إلى الله من هذه الأيام ، قالوا يارسول الله ﷺ ولا الجيهاد في سبيل الله؟ قال : ولا الجيهاد في سبيل الله ، إلا رجل خرج بنفسه وماله فلم يرجع من ذلك بشيء) [٢].

---

(١) صحيح سنن أبي داود : ٢١٢٩ .

(٢) أخرجه البخاري : ٩٦٩ .

واتە: (هیچ ڕۆژانێك نین لە ڕۆژانی ساڵدا کردەوەی چاکی تیادا زیاتر خۆش ویستراوبێت لەلای خوای گەورە لەم دەڕۆژانە ، ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ جیهاد کردنیش لە پێناو خوای گەورە ؟ فەرمووی جیهاد کردنیش ناگات بە پاداشتی کردەوەی چاك لەم دەڕۆژانە ، تەنها پیاوێك نەبێت بەخۆی و ماڵەکەی بچێت بۆ جیهاد و پاشان نەگەرێتەوە بە هیچ لە کامێکیان ، واتە ماڵەکەی لێبستێنن و پاشان شەهیدیشی بکەن) .

شێخی ئیسلام (ئیبن و تەیمیە) رەحمەتی خوای لێبێت پرسیارێ لێکرا سەبارەت بە زیاتر فەزڵی دە ڕۆژەکانی سەرەتای مانگی (ذِي الْحِجَّةِ) وە دە ڕۆژەکانی کۆتایی مانگی ڕەمەزان ، لەوەڵامدا ووتی : (أَيَّامُ عَشْرِ ذِي الْحِجَّةِ أَفْضَلُ مِنْ أَيَّامِ الْعَشْرِ مِنْ رَمَضَانَ ، وَاللَّيَالِي الْعَشْرُ الْأَوَاخِرُ مِنْ رَمَضَانَ أَفْضَلُ مِنْ لَيَالِي عَشْرِ ذِي الْحِجَّةِ)[1].

واتە : دەڕۆژەکانی سەرەتای مانگی (ذِي الْحِجَّةِ) فەزڵی زیاترە لە دە ڕۆژەکانی کۆتایی مانگی ڕەمەزان ، وە دە شەوەکانی

(١) الفتاوى الكبرى لابن تيمية : ٢ / ٤٧٧ .

کۆتایی مانگی رەمەزان فەزڵی زیاترە لە دە شەوەکانی سەرەتای مانگی (ذِي الْحِجَّةِ).

ئیمامی ابن القیم (رەحمەتی خوای لێبێت) لەسەر فەتوای ابن تیمیه دەڵێت : (فَإِنَّهُ لَيْسَ مِنْ أَيَّامٍ الْعَمَلُ فِيهَا أَحَبُّ إِلَى اللَّهِ مِنْ أَيَّامِ عَشْرِ ذِي الْحِجَّةِ، وَفِيهَا: يَوْمُ عَرَفَةَ، وَيَوْمُ النَّحْرِ، وَيَوْمُ التَّرْوِيَةِ ، وَأَمَّا لَيَالِي عَشْرِ رَمَضَانَ فَهِيَ لَيَالِي الْإِحْيَاءِ، الَّتِي كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يُحْيِيهَا كُلَّهَا، وَفِيهَا لَيْلَةٌ خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ شَهْرٍ)[١].

واتە: هیچ ڕۆژانێك نین لە ڕۆژانیساڵدا کردەوەی چاکی تیادا خۆش ویستراوبێت لەلای خودای گەورە زیاتر لەم دەڕۆژانە ، چونکە ئەم دڕۆژانە ڕۆژی عەرەفەی تیایە ، وە ڕۆژی جەژن و قوربانی کردنی تیایە ، وە ڕۆژی تەروییەی تیایە[٢] ، وە دە شەوەکانی کۆتایی ڕمەزان شەوی زیندوو کردنەوەن بە عیبادەت ، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم دە شەوەی زیندوو

---

(١)الفتاوى الكبرى لابن تيمية : ٢ / ٤٧٧ .

(٢) يَوْم التّرْوِية: بریتی یە لەڕۆژێك پێش ڕۆژی عەرەفە ، کەدەکاتە هەشتی (ذي الحجة) ، وە بۆیە ناو نراوە بە تەرویە چونکە لەو ڕۆژەدا حاجیان ئاو لەوشوێنە دەخۆنەوەو هەڵدەگرن بۆ ڕۆژی عەرەفە چونکە لە عەرەفە ئاو نیە .لسان العرب : ١٤/٣٤٧ .

دەکردەوە بەعیبادەت ، لەم دە شەوەدا شەوێك هەیە ئەجرو

پاداشتی تیادا زیاترە لە هەزار مانگ .

(٦) صيامُ يومٍ وَفِطرُ يومٍ

واتە : بەڕۆژوو بوونی ڕۆژێك وە بەڕۆژوو نەبوونی ڕۆژێك ئەم جۆرە بەڕۆژوو بوونە وەکو بەڕۆژوو بوونی پێغەمبەر داودە (سەلامی خوای گەورەی لە سەربێت) کە ڕۆژێك نا ڕۆژێك بە ڕۆژوو دەبوو ، وە بەڵگە لەسەر گەورەیی و پاداشتی ئەم ڕۆژووە سونەتە ئەم فەرموودە ڕاستەیە ، عن عبدالله بن عمرو بن العاص (رضي الله عنهما) قال:(قال لي رسول الله ﷺ إنك لتصوم الدهر وتقوم الليل ، قلت نعم ، قال إنك إذا فعلت ذلك هجمت له العين ونفهت له النفس ، لا صام من صام الأبد ، صوم ثلاثة أيام من الشهر صوم الشهر كله ، قلت فإني أطيق أكثر من ذلك ، قال فصم صوم داود (عليه السلام) كان يصوم يوماً ويفطر يوماً ولا يفر إذا لاقى)(١) .

واتە: عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی عاص رضي الله عنهم فەرمووی پێغەمبەر خوا ﷺ پێی فەرمووم ، ئەی عبدالله ئایە تۆ گشت ڕۆژانی ساڵ بە ڕۆژوو دەبیت و وەگشت شەوەکانیشی شەونوێژ

(١) صحيح الرغيب والترهيب رقم الحديث (١٠٥٠).

دەکەیت و ناخەویت ؟ ووتم بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ، فەرمووی ئەگەر تۆ ئاوا بکەی چاوەکانت قۆر دەبن و دەچنە ناوەوە (بەهۆی ماندی بوون و کەم خەویان) وە نەفس و لاشەشت زۆر ماندوو بێتاقەت ئەبێت ، پاداشتی ڕۆژوو بۆ ئەو کەسە نیە کە هەردەم بە ڕۆژوو دەبێت ، ئەی عبدالله بەڕۆژوو بوونی سێ ڕۆژ لە مانگێکدا وەکو ئەوە وایە گشت مانگەکە بە ڕۆژوو بووبیت ، ووتم ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ توانای زیاترم هەیە ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی بەڕۆژوو ببە وەکو بەڕۆژوو بوونی پێغەمبەر داود (سەلامی خوای گەورەی لە سەربێت) ڕۆژێك بەڕۆژوو دەبوو وە ڕۆژێك دەی شکاند ، وە پێغەمبەر داود (سەلامی خوای گەورەی لە سەربێت) ڕای نەدەکرد لە جیهاد ئەگەر بە دوژمن گەیشتبا) .

(٧) صيامُ عاشوراءَ و تاسوعاء

واتە: بە ڕۆژوو بوونی ڕۆژی نۆیەم و دەیەم لە مانگی (مُحَرَّم) ، کە پێی دەووترێت عاشوراوتاسوعا ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە ، عن إبن عباس قال :(حين صام رسول الله ﷺ يوم عاشوراء وأَمَرَ بصيامه ، قالوا يا رسول الله ﷺ إنه يوم تعظمه اليهود والنصارى ؟ فقال رسول الله ﷺ : فإذا كان العام المقبل إن شاء الله صمنا اليوم التاسع ، قال فلم يأت العام المقبل حتى توفي رسول الله ﷺ)(١) .

واتە: (ئیبن عباس) رضي الله عنه فەرمووی : (کاتێك پێغەمبەر ﷺ ڕۆژی عاشورا بە ڕۆژوو بوو وە ئەمری بە موسڵمانان کرد بە بەڕۆژوو بوون لەم ڕۆژەدا ، هاوەڵە بەڕێزەکانی رضي الله عنهم فەرموویان : ئەی پێغەمبەر خودا ﷺ ڕۆژی عاشورا ڕۆژێکە جولەکەو گاورەکان بە گەورەی دادەنێن (واتە تێیدا بە ڕۆژوو دەبن) پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ئەگەر ساڵی داهاتوو

(١) أخرجه مسلم ٣/ ١٥١ .

هات (إن شاء الله) ڕۆژی نۆیەمیش بە ڕۆژوو دەبین ، بەڵام ساڵی داهاتوو نەهات پێغەمبەری خوا ﷺ وەفاتی کرد) .

وە سەبارەت بە فەزڵ و گەورەیی بەڕۆژوو بوونی ڕۆژی عاشورا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : (یكفرُ السنةَ الماضية)[1] .

واتە : دەبێتە کەفارەتی گشت تاوانە بچووکەکانی ساڵی ڕابردوو .

(١) صحيح الترغيب والترهيب : ١ / ٢٤٦ .

(٨) صيامُ أكثرِ المحرم

واتە: بەڕۆژوو بوونی زۆربەی ڕۆژەکانی مانگی (مُحَرَّم) ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە ، قال رسولُ الله ﷺ (أفضلُ الصيامِ بعد رمضان شهر الله المحرم وأفضلُ الصلاةِ بعد الفريضةِ صلاةُ الليلِ)[1].

واتە: (باشترینو خێرترین ڕۆژوو لە دوای مانگی ڕەمەزان ڕۆژووی مانگی (مُحَرَّم) ە ، وەباشترین و خێرترین نوێژ لە دوای نوێژە فەرزەکان شەونوێژە) .

---

(١) صحيح الترغيب والترهيب رقم حديث ١٠١٥ (صحيح) ١/ ٢٤٥ .

(٩) صيامُ أكثرِ شعبان

واتە: بەڕۆژوو بوونی زۆربەی ڕۆژەکانی مانگی (شعبان) کە دەکاتە مانگێك پێش مانگی ڕەمەزان لە مانگەکانی عەرەبیدا ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە ، عن عائيشة (رضي الله عنها) قالت: (مارأيتُ النبيَّ ﷺ في شهر أكثرَ صياماً منه في شعبان)[1].

واتە: عائیشەی دایکی ئیمانداران (ڕەزای خوای گەورەی لێبێت) فەرمووی : پێغەمبەری خوام نەبینیوە ﷺ لە مانگێکدا بەڕۆژوو بێت زیاتر لە مانگی شەعبان) .

(١) صحيح الترغيب والترهيب، رقم الحديث (١٠٢٤) (صحيح) ١ / ١٠٢٤.

ڕۆژووە بیدعەکان

هەندێك ڕۆژووگرتن هەیە بەناوی سونەت ئەنجامدەدرێن ، بەڵام لەڕاستیدا سونەت نین و بیدعەن ، بۆنموونە :

١) **صيام نصف من شعبان:** واتە بەڕۆژوو بوونلە ناوەڕاستی نیوەی شەعبان ، هەندێك لە خەڵکی هەیە لە ناوەڕاستی مانگی (شعبان) واتە ڕۆژی پازدەمین بەڕۆژوو دەبن ، تایبەت کردنی بەڕۆژوو بوون لەو ڕۆژەدا بیدعەیە و دروست نیە ، چونکە هیچ بەڵگەیەکی صحیصی لەسەر نیە ، وەکردەوەکردن بە حدیثی ضعیف و موضوع و باطل دروست نیەو بیدعەیە[1].

٢) **صيام يوم السابع والعشرين من رجب بمانسبة ليلة الاسراء والمعراج:** واتە: بەڕۆژو بوون لە (٢٧) ی مانگی ڕەجەب بەبۆنەی ئیسراو میعراج ، تایبەت کردنی ڕۆژوو بەو ڕۆژەوە بیدعەیەو هیچ ئەصڵێکی نیە لەشەرعدا ، وەهەر

---

(١) المنتقى من فتاوى الفوزان ٤٣/ ٥.

فەرموودەیەك هەبێت سەبارەت بەتایبەت کردنی ڕۆژوو لە (٢٧) ی مانگی ڕەجەبدا یان لاوازە یان هەڵبەستراوە هەروەکو حافزی عراقی دەڵێت هیچ حەدیسێکی صحیح نیە سەبارت بە فەزڵی مانگی ڕەجەب [١] .

(١) فيض القدير ٢ / ٢٤٠ .

ڕۆژووە نەهی لێکراوەکان

هەندێك (ڕۆژ) هەن لە شەریعەتی ئیسلامدا نەهیان لێکراوە مرۆڤی موسڵمان تیایاندا بەڕۆژوو بێت کە بریتین لەم ڕۆژانەی خوارەوە :

١) **صيام يوم العيد**: واتە: بەڕۆژوو بوون لەڕۆژی چەژندا ، واتە یەکەم ڕۆژی چەژنی ڕەمەزان وە هەرچوار ڕۆژی چەژنی قوربان ، بە ڕۆژوو بوون لە ڕۆژەکانی جەژندا دروست نیەو حەڕامە ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە ، عن عمر بن الخطاب ﵁ فقال :(هذانِ يومانِ نهى رسولُ الله ﷺ عن صيامهما يوم فطركم من صيامكم ، واليوم الآخر تأكلون فيه من نسككم)[١].

واتە: ئیمامی عومەر (ڕەزای خوای گەورەی لێبێت) ، ووتی : ئەم دوو ڕۆژانە پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە بەڕۆژوو بوون تیایاندا ، ڕۆژێکیان ڕۆژی شکاندنی ڕۆژووە

(١) رواه البخاري (١٨٨٩) ومسلم (١٩٢٠) .

کەدەکاتە جەژنی ڕەمەزان ، وە ڕۆژی تریان ڕۆژی خواردنی گۆشتی قوربانیەکانتانە کە چوار ڕۆژەکانی جەژنی قوربانە .

٢) **صيام يوم الجمعة منفرداً**: واتە بەڕۆژوو بوون لە ڕۆژی (جومعەدا) بەتەنها بەبێ ئەوەی ڕۆژێك لەپێشی لەگەڵ بگریت یان لەدوای ، بە ڕۆژوو بوون لەو ڕۆژەدا دروست نیەو حەڕامە ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە ، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ:(لَا يَصُومُ أَحَدُكُمْ يَوْمَ الْجُمُعَةِ إِلّا أن يصومَ يوماً قبله أو يوماً بعده)[1].

واتە: بابەڕۆژوو نەبێت هیچ یەكێك لە ئێوە لە ڕۆژی جومعەدا ئیلا ئەگەر ڕۆژێك لە پێشی بگرێت یان لەدوای .

واتە ئەگەر كەسێك پێنج شەم بەڕۆژوو بووبێت بۆی دروستە جومعەش بەڕۆژوو بێت ، وە ئەگەر لەگەڵ جومعە شەموش بەڕۆژوو بێت دروستە ، كەواتە بەڕۆژوو بونی ڕۆژی جومعە بەبێ پێنج شەم یان شەممە دروست نیە .

٣) **صيام يوم السبت منفرداً**: واتە بەڕۆژوو بوون لەڕۆژی شەممەدا بەتەنها ، بە ڕۆژوو بوون بە تەنها لەو ڕۆژەدا

---

(١) إرواء الغليل : (٩٥٩) .

دروست نیەو حەڕامە ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە ، قَالَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ: (لَا تَصُومُوا يَوْمَ السَّبْتِ إِلّا فِيمَا افْتُرِضَ عَلَيْكُمْ وَلَوْ لَمْ يَجِدْ أحدُكم إلا لحاءَ شجرةٍ فَلْيُفْطِرْ عليه)[1] .

واتە : بەڕۆژوو مەبن لە ڕۆژی شەممەدا ئیلا لەو ڕۆژەدا نەبێت کە لەسەرتان فەرز کراوە (کە شەموەکانی مانگی ڕمەزانە) ، ئەگەر هیچ شتێکتان دەست نەکەوت بۆ شکاندنی تەنها توێکڵی دار نەبێت ئەوە بەم توێکڵە دارە ڕۆژووە کەتان بشکێنن .

٤) صيام النصف الثاني من شعبان لمن لم تكن له عادة:

بەڕۆژوو بوون لەنیوەی مانگی (شعبان) بەسەرەوە بۆ کەسێك کە عادەتی نەبێت ڕۆژووی سونەتی تیا بگرێت ، واتە: ئەو کەسەی عادەتی وایە دووشەم و پێنج شەم بەڕۆژوو دەبێت ئەوە بۆ ئەو هیچی تێدانیەو دروستە ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودانە ، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: (إِذَا انْتَصَفَ شَعْبَانُ فَلَا تَصُومُوا)[2].

---

(١) صحيح – ((صحيح أبي داود)) (٢٠٩٢) , ((الإرواء)) (٩٦٠) .

(٢) (صَحِيحٌ) مشكاة المصابيح : ١٩٧٤ .

واتە: ئەگەر مانگی شەعبان بەنیوە بوو ئەوا بەڕۆژوو مەبن .

وقال: (لَا يَتَقَدَّمَنَّ أَحَدُكُمْ رَمَضَانَ بِصَوْمِ يَوْمٍ أَوْ يَوْمَيْنِ إِلَّا أَنْ يَكُونَ رَجُلٌ كَانَ يَصُوم صوما فليصم ذَلِك الْيَوْم)[1].

واتە: با هیچ یەکێك لە ئێوە ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ پێش مانگی ڕەمەزان نەکەوێت بە بەڕۆژوو گرتن ، تەنها کەسێك نەبێت کە عادەتی وابووە لەم ڕۆژەدا بەڕۆژوو دەبوو لەمانگ و حەفتەکانی رابردوو ، ئەوە بۆ ئەم کەسە دروستە لەم ڕۆژدا بە ڕۆژوو بێت .

٥) <u>صيام يوم الشك</u>: واتە: بە ڕۆژوو بوون لە ڕۆژی (شەکدا) واتە: ئەو ڕۆژەی نازاندرێت کەوا ئایا بەیانی یەکەم ڕۆژی ڕەمەزانە یان نا ، بە ڕۆژوو بوون لەو ڕۆژەدا دروست نیەو حەڕامە ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە ، عَنْ صِلَةَ بْنِ زُفَرَ، قَالَ :(كُنَّا عِنْدَ عَمَّارِ بْنِ يَاسِرٍ فَأُتِيَ بِشَاةٍ مَصْلِيَّةٍ، فَقَالَ: كُلُوا، فَتَنَحَّى بَعْضُ الْقَوْمِ ، فَقَالَ : إِنِّي صَائِمٌ، فَقَالَ عَمَّارٌ: «مَنْ صَامَ الْيَوْمَ الَّذِي يَشُكُّ فِيهِ النَّاسُ فَقَدْ عَصَى أَبَا الْقَاسِمِ ﷺ)[2].

---

(١) (مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ) مشكاة المصابيح : ١٩٧٣ .

(٢) (صحيح) مختصر إرواء الغليل : ٩٦١ .

واتە: سیلەی کوڕی زوفر ووتی : ئێمە لە لای عەماری کوڕی یاسر بووین مەڕێکی سوور کراوەیان هێنا ، عەمار پێی ووتین: بفەرموون بیخۆن ، هەندێك لەم نەفەرانە خۆیان لە خواردنەکە دوور خستەوەو یەکیان ووتی من بەڕۆژووم ، عەمار ووتی : هەرکەسێك لەم ڕۆژەدا بەڕژوو بێت کە خەڵکی لێی بە گومانە ، ئەم کەسە سەرپێچی باوکی قاسم ی کردووە ﷺ .

٦) **<u>صيام الدهر</u>**: بە ڕۆژوو بوون بەبەردەوامی لە گشت ڕۆژەکانی ساڵدا ، بە ڕۆژوو بوون بە بەردەوامی لە ساڵدا دروست نیەو حەڕامە ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە ، عن عبدالله بن عمرو بن العاص (رضي الله عنهما) قال: قال لي رسول الله ﷺ إنك لتصوم الدهر وتقوم الليل ، قلت نعم ، قال إنك إذا فعلت ذلك هجمت له العين ونفهت له النفس ، لا صام من صام الأبد ...)[١].

واتە: عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی عاص رضي الله عنه فەرمووی پێغەمبەر خوا ﷺ پێی فەرمووم ، ئەی عبدالله ئایە تۆ گشت

(١) صحيح الرغيب والترهيب رقم الحديث (١٠٥٠).

ڕۆژانی ساڵ بە ڕۆژوو دەبیت و وەگشت شەوەکانیشی شەونوێژ دەکەیت و ناخەویت ؟ ووتم بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ، فەرمووی ئەگەر تۆ ئاوا بکەی چاوەکانت قۆر دەبن و دەچنە ناوەوە (بەهۆی ماندی بوون و کەم خەویان) وە نەفس و لاشەشت زۆر ماندوو بێتاقەت ئەبێت ، پاداشتی ڕۆژوو بۆ ئەو کەسە نیە کە هەردەم بە ڕۆژوو دەبێت .

٧) <u>صيام المرأة بدون إذن زوجها ، إذا كان زوجها حاضر</u>:

بەڕۆژوو بوونی ئافرەت بەبێ ئیزنی پیاوەکەی لەو کاتەی پیاوەکەی لە ماڵەوەیە لەسەفەر نیە ، ئەمە ئەگەر ڕۆژووەکەی سونەت بێت ، بەلاّم ڕۆژووی فەڕز ڕازی بوون و ئیزنی پیاوەکەی پێویست ناکات ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە ، قَالَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ: (لا تَصُمِ المرأةُ و بعلُها شاهدٌ إلا بإذنه غيرَ رمضان ..)[1].

واتە : با ئافرەت بەڕۆژوو نەبێت لەو کاتەی پیاوەکەی لەماڵە ئیلا بە ئیزنی پیاوەکەی نەبێت ، جگە لە ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان نەبێت پێویست بە ئیزنی پیاوەکەی ناکات .

(١) (صحيح) انظر حديث رقم : ٧٣٥٢ في صحيح الجامع .

کۆتایی

خوێنەری بەڕێز هەر شتێکی بێهەڵەو تەواوت بینیبێت لەناو ئەم کتێبەدا ئەوە بەفەزڵ و تەوفیقی خوای گەورەیە بۆم ، هەروەکو پێغەمبەر (شعیب) سەلامی خوای گەورەی لەسەر بیت بە قەومەکەی دەفەرموو : (وَما تَوْفِيقِي إِلاَّ بِاللَّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ)(١).

واتە : ڕێنموویی و هیدایەتم بۆ حەق تەنها بەدەست خوای گەورەیە ، وە تەنها پشت بەو دەبەستم ، وە تەنها بۆ لای ئەو دەگەڕێمەوە .

وە هەر هەڵەیەك و کەم و کوڕیەکت تیابینی ئەوە بەهۆی هەڵەی خۆمەو کەمی زانیستی خۆمە ، هەر حەق و ڕاستیەکت تیادابینی ئەوە شوێنی بکەوەو کردەوەی پێبکە ، وە هەر هەڵەیەکت تیا بینی ئەوە خۆتی لێبەدوور خەرەوەو کردەوەی پێ مەکە ، بەلاَم سوپاس بۆ خودای پەروەردگار ئەم

---

(١) [هود: ٨٨].

کتێبە پێکهاتووە لە قورئانە پیرۆزەکەی خوای گەورە ، وە فەرموودە ڕاستەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، وە ووتەو تێگەییشتنی زانایانی ئەهلی سونەو جەماعە ، وە بێگومان شوین کەوتنی قوئان و فەرموودە و مەنهەجی ئەهلی سونەو جەماعە واجبی سەر شانی هەمووومانە بەبێ جیاوازی .

وە داوای لێخۆش بوو برای خۆتان بکەن چونکە گشت نەوەیەکی ئادەم جگە لە پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵە و تاوان دەکات ، وە خۆشحاڵم بە وەرگرتنی ئامۆژگاری لە بەرێزتان سەبارەت بەهەر بۆچوون و پێشنیارێکتان ئەگەر لە سنووری شەرعدابێت .

وآخر دعوانا أَنِ الحمدُ لله رب العلمين

وصلى الله على نبينا محمد و آله وصحبه وسلم

سەرچاوەکان

١) القرآن الكريم
٢) الأجوبة النافعة عن أسئلة لجنة مسجد الجامعة – محمد ناصر الدين الألباني.
٣) أحكام الجنائز – محمد ناصر الدين الألباني.
٤) آداب الزفاف في السنة المطهرة – محمد ناصر الدين الألباني.
٥) إرواء الخليل – محمد ناصر الدين الألباني.
٦) بغية المتطوع في صلاة التطوع – محمد بن عمر بن سالم بازمول.
٧) التعليقات الحسان على صحيح ابن حبان – محمد ناصر الدين الألباني.
٨) تفريغ سلسلة الهدى والنور – للشيخ الألباني رحمه الله.
٩) السلسلة الصحيحة – محمد ناصر الدين الألباني.
١٠) سنن الترمذي – محمد بن عيسى الترمذي.
١١) السيل الجرار المتدفق على حدائق الأنهار – محمد بن علي الشوكاني .
١٢) شرح سنن أبي داود – عبدالمحسن االعباد.

١٣) الشهر المستطاب في فقه السنة والكتاب – محمد ناصر الدين الألباني.
١٤) صحيح البخاري – محمد بن اسماعيل البخاري.
١٥) صحيح الترغيب والترهيب – محمد ناصر الدين الألباني.
١٦) صحيح الجامع الصغير وزيادته – محمد ناصر الدين الألباني.
١٧) صحيح سنن الترمذي – محمد ناصر الدين الألباني.
١٨) صحيح مسلم – مسلم بن الحجاج النيسابوري.
١٩) صحيح مشكاة المصابيح – محمد ناصر الدين الألباني.
٢٠) فتاوى أركان الاسلام – محمد بن صالح العثيمين.
٢١) الفتاوى الكبرى – شيخ الإسلام ابن تيمية الحراني.
٢٢) فتاوى نور على الدرب – للعثيمين رحمه الله.
٢٣) فتاوى نور على الدرب لابن باز رحمه الله.
٢٤) فيض القدير – زين الدين محمد المناوي.
٢٥) كشف المشكل من حديث الصحيحين – جمال الدين أبو الفرج الجوزي.
٢٦) لسان العرب – لإبن المنظور.
٢٧) المجموع شرح المهذب – يحيى بن شرف النووي.
٢٨) مجموع فتاوى العلامة الألباني – محمد ناصر الدين الألباني.
٢٩) مجموع فتاوى العلامة عبدالعزيز بن باز رحمه الله.

٣٠) مجموع فتاوى ورسائل – محمد بن صالح العثيمين.

٣١) مختصر إرواء الخليل – محمد ناصر الدين الألباني.

٣٢) المنهاج شرح صحيح مسلم – يحيى بن شرف النووي.

٣٣) الوجيز في فقه السنة والكتاب العزيز – عبدالعظيم البدوي.

ناوەڕۆك

	بەڕۆژوو نەبوونی ڕۆژێك).	
٣٤	٧) صيامُ عاشوراءَ و تاسوعاء (بە ڕۆژوو بوونی ڕۆژی نۆیەم و دەیەم لە مانگی (مُحَرَّم).	٨٠
٣٥	٨) صيامُ أكثرِ المحرم (بەڕۆژوو بوونی زۆربەی ڕۆژەکانی مانگی (مُحَرَّم).	٨٢
٣٦	٩) صيامُ أكثرِ شعبان (بەڕۆژوو بوونی زۆربەی ڕۆژەکانی مانگی (شعبان).	٨٣
٣٧	ڕۆژووە بیدعەکان ١) صيام نصف من شعبان (بەڕۆژوو بوون لە ناوەڕاستی نیوەی شەعبان).	٨٤
٣٨	٢) صيام يوم السابع والعشرين من رجب بمانسبة ليلة الاسراء والمعراج (بەڕۆژو بوون لە (٢٧) ی مانگی ڕەجەب بەبۆنەی ئیسراو میعراج).	٨٤
٣٩	ڕۆژووە نەهی لێکراوەکان ١) صيام يوم العيد (بەڕۆژوو بوون لەڕۆژی چەژندا).	٨٦
٤٠	٢) صيام يوم الجمعة منفرداً (بەڕۆژوو بوون لە ڕۆژی (جومعەدا) بەتەنها).	٨٧
٤١	٣) صيام يوم السبت منفرداً (بەڕۆژوو بوون لەڕۆژی شەممەدا بەتەنها).	٨٧